٨٩١,٥٩٧٠٨
س ٢٧٦ سالح، سدیق
پیرەمێرد چیی لەبارەی نەورۆزەوە نووسیوە/ ئامادەکردنی
سدیق سالح.
ب/ ش: ب/ ب، ب، س
١٠٠ل: (١٤,٨٥×٢١ سم)، زنجیرە؛ ١٥٤

## سەرپەرشتی لەچاپدراوەکانی بنکە: سدیق سالح

زنجیرە: ١٥٤
کتێب: پیرەمێرد چیی لەبارەی نەورۆزەوە نووسیوە
ئامادەکردن: سدیق سالح
پیتچنین: سەهەند
لەقاڵبدان: لاس
خەت و رووبەرگ: ئەحمەد سەعید
تیراژ: ١٥٠٠
جێی چاپ: سلێمانی، چاپخانەی شڤان

هەموو مافێك پارێزراوە.

بنکەی ژین
بۆ بووژاندنەوەی کەلەپووری بەڵگەنامەیی و ڕۆژنامەوانیی کوردی
عیراق: هەرێمی کوردستان، سلێمانی؛ شەقامی پیرەمەگروون، گەڕەکی ١٠٧ بەرانان،
تەلاری ژین تەنیشتی (مزگەوتی شێخ فەرید) تەلەفۆن: ٢-٣٣٠١٢٩١
ئاسیا: ٠٧٧٠١٥٦٥٨٦٤ یا ٤٨٤٦٣٣٥٧٧٥ کۆڕەك: ٠٧٥٠١١٢٨٣٠٩ س. پۆست: ١٤
ناونیشانی ئەلکترۆنی: info@binkeyjin.com ماڵپەڕ: www.binkeyjin.com

# پیرەمێرد

## چیی لەبارەی 'نەورۆز'ەوە نووسیوە

ئامادەکردنی
سدیق ساڵح



## پێشەکی

ناکرێ لە نەورۆز بدوێین و ناوی 'پیرەمێرد' نەهێنین کە ئەم بیرەوەرییە مێژوویی‌یەی کوردەواریی زیندوو کردەوە و پاش خەباتێکی شارستانیانەی بێ‌پسانەوە -خۆی واتەنی- نەبەزی و کۆڵی نەداو بەرەنگاری هەموو بەرهەڵستان‌و ناحەزانی ناوخۆ و دەرەوە بووەوە و ئەم جەژنەی کرد بە ڕاستییەکی بەرچاوی زیندوو.

جا لەو ڕوانگەیەوە کە ڕەنجی فەرهادانەی ئەوە ئێمەی ناچار کردووە سالآنە ئەم یادە بکەینەوە و ڕێوڕەسمەکانی بەجێ بهێنین، پێویست بینرا 'پیرمێرد' چیی لەوبارەیەوە لە گۆڤار و ڕۆژنامەکانی ڕۆژگاری خۆیدا بڵاو کردووەتەوە، کۆبکرێنەوە و وەك مێژوویەکی ئەو بیرەوەرییە بیخرێنەوە پێش چاوی بەتایبەت نەوەی نوێ.

شایانی باسە، بەڕێز دکتۆر عومەر پەتی پێشتر زۆری ئەو بابەتانە کە لەنێوان ساڵانی ١٩٣٥-٢٠٠٨دا سەبارەت بە نەورۆز نووسراون‌و و بڵاوبوونەتەوە، کۆی‌کردوونەتەوە و لە بەرگێکدا

لەچاپیداون[*]، بەشێکی نووسینەکانی پیرەمێردی تێدا جێ کردووەتەوە. هەرچی ئەم کارەی بەردەستە، کۆکراوەی هەموو بەرهەمەکانیەتی سەبارەت بە نەورۆز.

هیوایە ئەم دیارییە جێی خۆی بگرێ و هاوکات ببێتە ئەمەکدانەوەیەکی قەرزی زۆری ئەو زاتە بەسەرمانەوە.

هەزاران درووود بۆ گیانی پاکی پێرمێرد.

سدیق سالح

٢٠١٣/٣/٧

بنکەی ژین
www.zheen.org

[*] بڕوانە: دیاریی نەورۆز لە پەخشانی کوردیدا، چ٢، بەشی یەکەم ١٩٣٥-١٩٦٩، بەشی دووەم ١٩٧٠-٢٠٠٨، کۆکردنەوە و ئامادەکردن و پەراوێزبۆنووسینی دکتۆر عومەر پەتی، چاپخانەی شەهاب- هەولێر، ٢٠٠٩.

## (١)[١]

**ڕۆژی تازەی ساڵی تازەی ئێمە هات**
**ڕۆژ هەڵات، ڕۆژێ هەڵات، سەرما هەڵات**
**بای بەهار هات، خاکی زیندوو کردەوە**
**نەوجەوانی هات و پیریی بردەوە**
**تیشکی ڕۆژ دەر کەوت، تەمی لا بردەوە**
**هەردە سەوزە و مۆرە وێنەی بەرگی بووک**
**شایی دەنوێنێ چراغانی گوڵووک**
**شەونمی ناو لالە بادەی بولبولە**
**ئەو مەیە سەرخۆشە وا شەیدای گوڵە**
**چونکە خۆشئاوازە، هەم ئاواتەخواز**
**زۆر بەسۆزە ناڵەکەی وەك سۆز و ساز**
**هاتە جونبوش ئاو و سەوزە و با و درەخت**
**دەوری کانی بوو بە گوڵزاری بەهەشت**
**ئەو بەهەشتە خۆشە، جێی بەزمی جەمە**
**دەمبەدەم جێی یەکدگیریی هەمدەمە**

---

[١] "ژیان"، ژ٣١٤، (پێنجشەمە) ١٠ی مارتی ١٩٣٢، ل١.

بورجی بەرخە ڕۆژ سەرەفرازی دەکا
بەرخی ئێمەش بۆیە وا بازی دەکا
خوایە وەك دنیات گەیاندە ساڵی نوێ
ئەم عیراقەش ژینی تازەی بەر کەوێ

بنکەی ژین
www.zheen.org

(٢)

## نەورۆز[٢]

شەوی ئەم سێشەنبەیە، یازدە بەشی شەو لە دوانزدە (پێوانە)کەی بڕواو هەشت وردیلەیشی لەسەر بێ، ئەووەڵی فەروەردین مانگی باستانیی ڕۆژهەڵات و ٢١ی مارتی ئەفرەنجی، ٩ی مارتە کۆنەی ڕۆمی، ٢٤ی ذیلقەعدەی عەرەبییە، ڕۆژ ئەچێتە کەلووی بەرخەوە و ئەبێ بە سەریساڵی تازەی ڕۆژهەڵات؛ گوایە ئاسمان دوانزدە کەلووی تیایە، هەر کەلوویێك سێ ڕێبازی هەیە. ئەم ڕۆژە کەوا بە ڕۆژ دیارە و پێش چاومان ڕوون ئەکاتەوە و بە شەو چاوشارکێمان لەگەڵ ئەکا؛ هەر مانگە لە کەلوویێکەوە هەڵدێ و هەر ڕۆژە بە ڕێبازێکا ئەڕوا، بە ساڵێ ئەو دوانزدە کەلوە و ئەو (٣٦٥) ڕێبازە ئەبڕێ، گڕگڕ ئەگەڕێتەوە، شار گڕ ئەدا، سەرلەنوێ دەست ئەکاتەوە بە گەردوخول، ئەسووڕێتەوە تا خوا ئەڵێ بەسە.

ئەم لەلەبڕییە* وە ئەم ساڵ و مانگ و ڕۆژ لێکدانە، لەپێشا شیشی کوڕی ئادەم کە پێغەمبەرێکەو کردوویە بە ساڵنما و دایناوە، دوای ئەو ئیدریس پێغەمبەر بووە کە جوولەکە

---

[٢] ژیان، ژ٣٥٨، ٢٣ی مارتی ١٩٣٣ (پێنجشەمە)، ل١-٢.

* لەلەبڕی: لەلەکردن و بڕین، لێرەدا مەبەست بەشبەشکردنی ساڵە بۆ دوازدە کەلوو.

'ئاختوخت'ی پێ دەڵێن. ئەم نەورۆزە کە سەری ساڵی ڕاستییە و سەرەتای بەهارە کە زەمین و زەمان زیندوو ئەبێتەوە و شەو و ڕۆژ بەرامبەر ئەوەستێ، لە زەردەشت پێغەمبەرەوەیە. زەردەشت وەکوو هەندی گومانیان بردووە، ئاتەشپەرست نییە، پێغەمبەرێکە یەزدان-پەرست، خوا بە یەك ئەناسێ، لە میانەی ئەو بیست‌وچوار هەزار پێغەمبەرە کۆنەکانا یەکە پێغەمبەرێ بووە بەناووداو، سەرپەڕەی پاڕانەوەی لای یەزدان و سەرپەرشتیی ئافەریدەکانی دۆزراوەتەوە، زۆر شیرین و خۆش‌ئایینە، گەلێ لەپێش عیسا و مووسادا بووە خاتەم، خەتمی بە هەموو پێغەمبەرێکی تر داوە، ئەگینا ئایین و ڕەوشتێکی جیهانگیری بووە، نەورۆزی بە سەری ساڵ داناوە، لە یەزدانەوە سرووشی پێ گەییوە. ئەم نەورۆزە ئەو تازە ڕۆژەیە کە خوا هەست و نیستی تیا ئافەریدە کردووەو ئەمڕۆ بە چاوی خۆمان ئەیبینین کە هەرچی لە زەمیندایە، دار و گوڵ و کوللی جانەوەر و گیانلەبەر ئەژیێتەوە و ئەبووژێتەوە، سەرەتای تازەییی لێ دەر دەکەوێ. دیارە نموونەی ئەو ڕۆژەیە کە خوا فەرموویە، پێغەمبەری ئێمەش بای بەهاری بە باش داناوە. ئەوانەی کە شەو و ڕۆژ بەرابەروەستانی پایز بە سەری ساڵ دائەنێن، نادروستە، بەهار زیندەگی و پایز مەرگ ئەنوێنن.

ئەم کوردەوارییە کە خێڵێکی ڕۆژهەڵاتین، تا ئێستا سەری ساڵی تازەیان بەهار و نەورۆز بووە، باووباپیرمان بەم ئایینە کە خوا بە ڕۆژێکی موبارەکی داناوە و زیندەگیی تیا بەخشیوە، بە جەژنیان

داناوە، نەك بە ئایینی زەردەشتی. ئەمەی کە دەڵێن نەورۆز ئایینی جەمە، جەمشید* کە هاتە کوردستان زۆر خۆشیی دی؛ ئەو ڕۆژە سەرەتای بەهار بوو، دەستێ جلی شاهانەی لەبەر کرد، تەختێکی زەڕنیگاریان بۆ دانا، دەمی پێش هەتاوکەوتن فێنك بوو، هاتە سەر تەخت، ئاگرێکیان بۆ کردەوە، گڕێکی جوانی [لێ] بەرزبووەوە، دەستی کردە بادەنۆشی.

لەو سەردەمەدا ڕۆژ هەلات، تیشکی هەتاویش دای لە تەخت و تاجی زەڕین و جلی ڕەنگینی، بە زبانی پەهلەوی پەرتە و کەشیدی پێ ئەڵێن و دای لە جەم، وتیان: جەمشید. ئەویش هەڵسا، داستانێکی شیرینی خوێندەوە لە خاصییەتی نەورۆز و ئیتر ئایینی زەردەشتیی زیندوو کردەوە، لە ئێران [و] کوردستان‌دا کردی بە جەژن و پادشاهانی ئێران پیڕەوییان کرد.

ئەم پیرە کە هەموو ساڵێ ئاگری نەورۆز ئەکاتەوە، پێڕەوی باووباپیرە، بە بڵێسەی ئاگری نیاکان ڕاگوزەری ئایندەکان ڕوون ئەکاتەوە. ئەگینا بۆ هیچ ئایینێکی سیاسی لا ناکاتەوە و لە

---

* جەمشید: پاش باوکی‌و تەهموورسی برای –لە زنجیرەی پێشدادیاندا– لە جێیان دانیشت. یەکەم ڕۆژی چوونە سەر تەختی ڕۆژی هورموزدی مانگی فەروەردین، دواتر بە نەورۆز ناسرا و بە یادگارێکی جەمشید مایەوە. هێندە دەسەڵاتدار بوو، لافی خوایەتیی لێ دا (دکتر محمد جعفر یاحقی، فرهنگ اساطیر و اشارات داستانی در ادبیات فارسی، مؤسسهٔ مطالعات وتحقیقات فرهنگی و سروش– تهران، ١٣٦٩، ص١٦٥–١٦٦).

کەسیش کۆناکاتەوە و هیچیش کۆناکاتەوە، ئەوی کورد بێ ناگۆڕێ، تا دەچێتە گۆڕێ.

ئاخ و داخ و درێغ چەند ساڵە نەورۆزم بە با ئەڕوا، یا با نایەڵێ، یا گەردوشی چەرخی چەپگەرد لێم ناگەڕێ و ئەمساڵیش ئیختیاری بێئیختیار لە شارا نەبوو و جگە لەوەیش تەمودووی دوو ماتەم بەر دەرگای شادیی داپۆشیبوو، ((داخ و ڕۆڕۆمە تا وە ڕۆی مردن)).

بنکەی ژین
www.zheen.org

## (٣)
## نەورۆزی ئێمە چییە؟[٣]

ئەوەتی من هەم و گوێم ڕوواوە و بەڵکوو ئەوەتی سلێمانی دانراوە، بەهاران کە وتیان نەرۆزە، یەعنی سەری ساڵی تازەیە، ئێمە سەیرانمان کردووە، نەورۆزانەمان بۆ نووسراوەو ئەوەتیش ئەم شاری سلێمانیی‌یە هەیە، موناسەتێکمان لەگەڵ ئێراندا نەبوە، بە فارسی هەر ((کوردی پدەرسوختە)) بووین، وەك تورك پێیان ئەوتین ((اکراد بدنهاد)).

پار، بە ئیجتیهاد و ئیجادی مودیر شورطەی پێشوو، سووئی مەعنایێك خرایە ناوەوە، مەنعی نەورۆز کرا.

خۆ وا ڕابورد، ئێمە ئیطاعەتمان کرد، حەتتا لەم شارەیشدا کۆچمان کرد، چووینە هەولێر، بەڵام ئەمەویٚ ئەساسی ئەم نەورۆزە کە لەناو ئێمەدا هەیە، دووبارەی بکەمەوە کە چییە. ئەووەڵەن بە تەئریخ ثابیتە کە ئەم ئاگری نەورۆزە ئەساسی زەردەشتی نییە و زەردەشت ئاتەشپەرست نەبوە، پێغەمبەرێکی ڕاست و دروست و مووەحیدی عەینی دینی موبینی ئێستای ئێمە کە موحەممەدەل

---

[٣] ڕۆژنامەی "ژین"، ژ٥٦٠، ٣ی مارتی ١٩٣٩، ل١.

موصطەفا (صلى الله علیە وسلّم) بۆی داناوین، ئەشوبهێتە ئێمەو ئەمەیش بە (کارت) و کتێبەکانی زەندئاوێستایی ثابیتە.

با دینو ئاینی ئاتەشپەرستیش لەپێشدا بووبێ، تووخوا ئێستا دەورێکی وایە ئینسان ئاگر بپەرستێ!! ئاگرێك کە من خۆم بیکەمەوەو بیکوژێنمەوەو بمسووتێنێ و ضەرەرم لێ بدا، چۆن ئەیپەرستم. ئەوانە کەرن کە نیسبەتی ئاتەشپەرستی بە ئێمە ئەدەن. ئەنجا ئەمێنێتەوە نەورۆز؛ نەورۆز، بە نەصصی قورئان و بە حیسابی یوشع پێغەمبەر کە تەقسیمی برووجی ئیثنەی عەشەریی کردووە بەسەر مانگاو مانگی داناوە بە سی ڕۆژ، سەری ساڵی خستووەتە ئەو ڕۆژە کە ڕۆژ لە کەلووی بەرخەوە هەڵدێ (بورجی حەمەل) و بەو حیسابە دەر کەوتووە ئەو ڕۆژە خوا ئەم کائیناتەی خەڵق کردووەو هەموو ساڵێك لە ئیبتیدای ئەو ڕۆژە زەمین و درەخت و گوڵو گیاو مەوجوودات تازە ئەبێتەوە ((یُحیِ الأرض بعد موتها)). پێغەمبەر (صلى الله علیە وسلّم) فەرموویە: بای بەهار زیندەگی ئەبەخشێ.

باوك و باپیری ئێمە ئەو ڕۆژەیان بە ڕۆژێکی خێر و مەبدەئی دنیا داناوەو ئەو ئاگرەیش تەفەئولی ئەوەیە کە ئەم ساڵە لە سەرەتاوە بە شوعلەی نوورێکی ئیلاهی ڕێگامان ڕوون بکاتەوە، وەك شەوی جومعان و ڕەمەضانان، چرا لە منارە ئەسووتێ. ساڵانی پێش ئەوە موتەصەڕیفان و مودیر شورطە بێغەرەضەکان ئەهاتن لەو صەحرایە هەواییێك و چاییێك و صوحبەتێکیان ئەکرد، کافر

نەدەبووین. چەند ڕۆژێ پێش نەورۆز، جوولەکە "هامان" و "هیتلەر"یان کوشت، مەنعیان نەکردن. ئێمە خو کەسمان نەکوشتبوو، سەیید عەلی* یاخوا بچێتەوە جێی خۆی.

بنکەی ژین
www.zheen.org

* سەیید عەلی: سەیید عەلی حیجازی‌یە، کە ئەو دەمە بەڕێوەبەری پۆلیسی لیوای سلێمانی‌و کابرایەکی زۆر توند بووە. پاشتر لە ١/١٩-١٣/٤/١٩٤٨ موتەسەڕێفێتیی هەمان لیوای کردووە (ئەکرەمی مەحموودی ساڵحی ڕەشە، شاری سلێمانی، چ٢، ب١، دار الحرية للطباعة– بەغدا، ١٩٨٧، ل٤٢٦).

(٤)

## نەورۆز[٤]

وا چلە پاك بووەوە، ڕوو لە بەهارین و خاوەر بە دەنگی هوزار (خاوکەر)مان بۆ دەڵێ.

زەوی‌و گوڵ‌و دار [و] درەخت زیندوو ئەبێتەوە، دڵی شاعیری تازەو کۆنیش ئەبووژێتەوە. کۆنەکانمان داناوە بە دە بارە تووتن، بزانین تازەکانمان بۆ نەورۆز دێنە هێلکە؟

پیرەمێرد نیازی وایە، خوا یار بێ، شەوی هەینووی بیست‌ویەکی ئادار بە یادی گیانی باوك و باپیر لەسەر (گردی یارە)*

بنکەی ژین
www.zheen.org

[٤] ژیان، ژ٤٣٣، ٢ی ئاژاری ١٩٣٥، ل٤.

* گردی مامەیارە: گردێکی سەراودی گردی سەیوانە، کاتی خۆی بە گردی (گولان) ناسراو بووە، چونکە ئەوانەی وا بە دەردی گوڵی مردوون کە سەردەمانێك لە ناوچەی سلێمانی بڵاو بووەتەوە، لەسەر ئەو گردە نێژراون. هەرچی پارەیشە، سۆفییەکی تۆپچیی ناو سوپای ئەحمەد پاشای دوا میری بابان بووە. پێش مردنی، وەسێتی کرد لەسەر ئەو گردە بینێژن و نەیبەنە گردی سەیوان کە ترسنۆکە هەڵاتوەکانی دواهەمین شەڕی (ئارشی کۆیە)ی نێوان بابان‌و عوسمانیی لێ نێژراوان. ئیدی لەوکاتەوە ناوی یارە بەسەر ئەو گردەدا بڕا.

ئاگرێکی نەورۆزی بکاتەوە، وەك (ئەسپریزم)* ئەو ڕۆحە بڵندانە بانگ کا، هەر لە ئێوارەیشەوە دوازدە سەماوەر لەسەر (کارێزی شەریف* مەڵبەندی جوانان) دەم دەکرێ، هەر کەسێکیش نەورۆزنامەیێك بنووسێ، چاو مێوژو گوێز و حەڵواگەزۆی دەدرێتێ.

بنکەی ژین
www.zheen.org

* ئەسپریزم: spiritism، الإرواحية، گیان ئامادەکردن، باوەڕهێنان بەوە کە مردوو لەڕێی لایەنێکی سێیەمەوە پێوەندی بە زیندووەوە دەکا (منير البعلبكي، المورد قاموس انكليزي- عربي، ط ٣٧، دار العلم للملايين- بيروت، ٢٠٠٤، ص٨٨٠).

* کارێزی وەستا شەریف: بە تەنیشت گردی مامەیارەوە بووە، دەشتێکی بەرینی بەدەمەوە هەبوە، سەیرانکەران بەتایبەت لە ڕۆژی نەورۆزدا لێی کۆ بوونەتەوەو ئاهەنگیان تێدا گێڕاوە.

(٥)

## نەشیدەی زانستی بۆ نەورۆز[5]

## بولبول و فەرزەند

ئەمڕۆ نەورۆزە، وا گوڵ پەیدا بوو
لە عەشقی گوڵدا، بولبول شەیدا بوو
بولبول لەسەر گوڵ مانگی بەبانگە
خوێندنی ئێمە ساڵ دوازدە مانگە
ئەو تەنها بۆ گوڵ سەر دەرهەوایە
ئێمە سەربەرزیی قەوممان هیوایە
بولبول لە عەشقی گوڵدا بەسۆزە
سۆزەی ئێمە بۆ دایکی دڵسۆزە
بولبول لە بەرگی گوڵ پەیدا نابێ
ئێمە لەم خاکەین، یاخوا ئاوا بێ
بولبول دەتۆرێ، چون بێوەفایە
ئێمە ڕیشەمان لەم خاکەدایە
بولبول دەڕەنجێ بە جەفای خاشاك
ئێمە بۆ سوجدە سەر دەخەینە خاك

---

٥ ژیان، ژ٤٧٠، ٧ی ئاژاری ١٩٣٦، ل٢.

وا دایکی وەطەن هات و دەفەرموێ
من نەغمەی ڕۆڵەی زانستیم ئەوێ
چونکە زانستی جێگای هیوایە
میللەت بە زانست لە برەودایە
زیرەکیی ئێمە لەگەڵ زانستی
ئەگەر یەك کەون ناکەونە پەستی

بنکەی ژین
www.zheen.org

(٦)

## لەلایەن "ژیان"ەوە جەژنمان پیرۆز بێ[6]

"ژیان" بۆ جەژنی قوربان جەژنە پیرۆزە لە هەموان ئەکا، جەژنی خۆیشی لە ٢٢ی ئاذاردایە، نزیك بووەتەوە، ئەو سایە ئێوەش جەژنە پیرۆزە لە ئێمە بکەن.

ئەمما ئەوی تا ئەو وەقتە پارەی ئابوونەمان بۆ نەنێرێ، ئیتر ڕۆژنامەی بۆ نانێرین، بەڵام ناوی دەنووسین!

بنکەی ژین
www.zheen.org

---

[٦] هەمان ژمارەی پێشوو، ل٤.

(٧)

## نەورۆز،
## جەژن و بەهار، گوڵ و گوڵزار[٧]

خوا بۆ ئەمساڵیش گەیاندینیەوە نەورۆز. نەورۆزی ئەمساڵمان نوور عەلا نووره، بەر ویلادەتی مەلەکی دەکەوێ. ساڵان ئەیانگوت نەورۆز بە هەوای لای سەروومانە، ئەمساڵ باپێمان بڵێن: بە هەوای خۆمانە. خۆ -ئەگەر ڕاستتان ئەوێ- نەورۆزی باووباپیرمانەو پیرەمێردانە، کاری بە هیچ بارێکەوە نییەو هیچ سیاسەتێ لە ئاگری نەوروزی ئێمەدا جۆش ناخوا، تەنها ڕەویەو عەنعەنەیەکی کۆنی خۆمانە.

ئەنجا خوا یار بێ شەوی ٢١ی مارت لەسەر گردی صۆفی یارە ئاگری نەورۆزمان دیارە، بە ڕۆژیش دەهۆڵ و زوڕنا و هەڵپەڕکێ و بە ژمارەی ساڵ کە دوازدە مانگە، دوازدە سەماوەر لە جۆشدا و خۆیشمان لە خرۆشدا دەبین. ئەمە جەژنی هەموو لایەکە، بانگکردنی پێ ناوێ. دوو ڕۆژیش ڕۆژی تەعطیلی دەوائیرە. لە دووریشەوە هەرچی خۆی بە خۆمان بزانێ، دێت.

---

[٧] ژیان، ژ٤٧١، ١٤ی ئاژاری ١٩٣٦، ل٥.

(٨)

## نەورۆز[٨]

ئەمسالْ سالْنامەکانمان هیچیان بەیەکەوە ناڕۆن، یەکێکیان نەورۆزی خستوەتە ٢١ی ئاذار، یەکێکی تریان ٢٢، ئەوی تر ٢٣، هەروا پیا ڕۆییون!!

ئێمە ئەوەندە ئارەزوومەند و چاوەڕێ بووین، پێشینەکەمان گرت، ئێوارەی جومعە کە بۆ شەمموو دەچوو، ڕۆلْەی زانستی بە گۆرانیی نەورۆزەوە ڕوویان کردە گردی یارە کە دیاری لێوە دیارە!

لە تەپلْەسەری گرد بە دەوری یارەدا ئەهرامێکی داری سووتەنییان هەلْچنی، تا شەوی ئەو دەمەی ڕۆژ پێی نایە کەلووی بەرخەوە، بە جارێ گڕەی ئاگر لە دیاری یارەدا دیاری دا!

بەیانی زوو ئاوازەی دەهۆلْ و زوڕناو نەغمەی شادیی نەوجەوانانی زانست لە کووچەو بازاڕی شاردا دەنگی دایەوە. بەجارێ ڕوومان کردە کۆی ئاتەشگا و کارێزی شەریف. سا ویزەی سەماوەر پەیدا بوو، باوبۆانیش لەسەردا کردیانە گیزەو گوڕە، کەوتینە بەربەرەکانی، کوڕگەلْ نەجوولاْن تا ئەو شکا!

---

[٨] ژیان، ژ٤٧٣، ٢٨ی ئاژاری ١٩٣٦، ل٣.

ئیمانم هێناو باوەڕم کرد کە لەبەر عەزم و ڕەزمی لاوانی زانستیدا، هەورو باو باران خۆیان نەگرت!

تا ئێوارە پۆلپۆل و تیپتیپ هاتن، ئەو دەشتە بە گوڵی گیانداری نەورۆز و شادمانی و ئازادیی کچانو خوشکانی دڵسۆز بووبووە بەهەشتێکی فیرووز و ڕۆژێکی بیهرووز.

خواردەمەنیش ((ماتشتهي الأنفس)) کەوتبوە برووز، دوو ڕیز لە دەنگخۆشەکانی زانستی وەك دوو دەستە بولبولانی وەطەن دوو نەشیدەی نەورۆزیان بەرابەری یەك ئەخوێندەوە. چوار دەستەیش لەژێر قوماندەی چوار سەرپەرشتیکەر کە هەریەکە بازوبەندی زانستییان لە قۆڵدا بوو، لە چوارلاوە بۆ بەپیرەوەچوون و خۆش-ئامەدی و میوانداری خدمەتیان ئەکرد.

پیرەمێردیش بە داری خۆی کە بۆ نەورۆزی کڕیبوو، ئاگریان تیٚ بەردابوو، هەڵپەرکیٚو سەرچۆپیٚو ئەمسەرەوسەری سەر گردەکەی بەر کەوتبوو. بەوەیش وازیان لیٚ نەهێنا، ئەیانگوت لە نەورۆزا ئەبیٚ حەوت خواردەمەنیی (میم) بیٚ؛ بە زۆر ماسیو مریشكو میوەو ماستو مێوژو خورماو ملح (خویٚ) بۆ هێلکەو مەسکەت بۆ منداڵان، پێیان پەیدا کردو نانو پەنیرو شووتیبەترشو گونو گورچیلەیشیان خوارد!

www.zheen.org

دوایی تیری چوار طەڵەبەی شاعیری زانست، غەفوور زەینەددینو بەنگینەو هیواو مەجیدی منداڵ، چوار مەنظوومەی میللیی جوانیان خوێندەوە.

خوا پێمان ڕەوا ببینێ، لە شاگرد نانەوا و کەوشدروو و کوڕە بەردکێش بە سایەی زانستی‌یەوە ئەم ئادابو تەمکینو شاعیریو حیسسی میللییەتپەروەرییەیان بۆ پەیدا بووە، جەژن و سەیرانێکی وا بەدەبدەبەیان بێ قڕەو گوڕە بەجێ هێناو لە نیسانیشدا هەر ئەم زانستی‌یە سێ شەو و سێ ڕۆژ لەسەر کارێزی ڕێی گوێژە خێوەت هەڵئەدەن و نانخواردن و سفرە ئەڕازێننەوە، لە بەغدا و هەولێر و خانەقینەوە، دەعوەتی هاونیشتمانەکانیان دەکەن.

بنکەی ژین
www.zheen.org

(٩)

## نەورۆز[9]

بە پیشەی دێرینەی سالاَن و بە یادی شادیی گیانی باپیران، ئەمسالێش کوڕگەلی (زانستی کوردان) جەژنی نەورۆزیان کرد. ئەو شەوەی کەوا ڕۆژ دەچوە کەلووی بەرخەوەو سالّی خودایی تازە دەبوەوە، یەعنی زەمین و دارو درەخت و گولّ وگیا بەپێی ئایەتی: ((یحي الأرض بعد موتها))، زیندوو بوونەوە. نەورۆز، بە حیسابی یوشع پێغەمبەر سەری سالّە، بەو نییەتە کە خوا ڕەهگوزاری ژیانی ئەم سالّەمان بۆ ڕووناك بکاتەوەو پێشڕەوی باوکی بالاّمان کە ئاگرە، شەو لەسەر گردی یارە گڕی ئاگر بە هەموولایەکدا نوورئەفشانی کرد.

بە طیببی کۆنە ئادەمیزاد لە چوار گەوهەر سروشتی دراوە، ئاگر، با، ئاو، خاك؛ دوانیان، ئاگرو با، باوکانی بالاّن، دوانیشیان ئاوو خاك دایکی خوارەوەن. ئەمجارە لەسەر ئاوی کارێزی وەستا شەریف و خاکی گردی یارەو بادی نەورۆزی ئاگری باستانیمان کردەوە، بەیانیش بە دەنگی دەهۆلّ و زوڕنا کە لەلای ئێمە لە پیانۆی ئەورووپا خۆشترە، بانگی شادیمان خستە دەشت و کێوانەوە!

---

[٩] ژیان، ژ ٥٢٠، ٢٩ی مارسی ١٩٣٧، ل٣٠٤.

به ژمارەی ساڵ سەماوەر و بەگوێرەی مەوسیم خواردەمەنی، یاپراخ و کنگری کولاو و خورماو پەنیر و هێلکەو گون و گورچیلەی برژاو و شۆرمەزە*ی نۆکی یادگاری حاجی ئەحمەدی کوڕنوو و کاڵەك و شووتی و ترێ و هەنارو پورتەقاڵ و باسق و سنجوق و کاهوو و سرکە، دابەش کرا. لە هەمووی خۆشتر و بەزەمزەمەتر زەماوەندو هەڵپەڕکێ بوو.

بە فەخر و شوکرەوە دەڵێم: تا دێت بەهۆی خوێندنەوە، ئەدەب و شەرمێك کەوتووەتە ناوەوە، دەستەی ژنان کە جێیان بۆ جوێ کرابووەوە، ئاسوودەو دڵئەمین بۆ خۆیان هەڵپەریونو داپەڕیون! یەك فەردی نێرینەیان توخن نەکەوتووە! تا ئێوارە بە سەربەستی و سەرئازادی ماونەتەوە!

ذاتەن ئەوی بەخۆیا ڕادەپەرموو لە شاردا نەمابوو، هەموو ڕوویان کردبوە ئەو سەیرانە! ئێوارە خوطبەو شیعر هاتە مەیدان، بە سەلامی "سەلام"*ەوە دوو پەریبەچەی بێپەچە –نەسرین و پەروین– کە حەوت ساڵ لەمەوپێش بەیت و بالۆرەیان لە "ژیان"دا نووسرابوو، یەك ئاهەنگ نەورۆزنامەییێکیان خوێندەوە، بەڕاستی شێوەی بەهایان شیرنتر کرد.

* شۆرمەزە: نۆکی سوێری کولاو.
* سەلام: دەبێ شێخ سەلامی عازەبانیی شاعیر بێ.

دوای ئەمان، شاعیرانی زانستی هەریەکە بەندێك و داستانێکیان خوێندەوە. ئەمجارە جێ نییە، تا جارێکی تر تەنها نەورۆزنامەکەی نەسرین و پەروین دەنووسین.

لەپاش ئەمەو لەپێش هەموو چشتێکدا ئەمجارەیش سێ بارە پاتی دەکەمەوە: نە ئاگرمان زەردەشتییەو نە حیسابمان ئەردی بەهەشتییە، نە ئایینمان جەعفەری و سوهرەوەردی و چەشیتیە! تەنها پیشەی باووباپیری خۆمان کە کوردی دەشتییە! ((بە فەلەك دەڵەك ئەڵێ قەلەندەر)).

بنکەی ژین
www.zheen.org

(١٠)

## نەورۆزانەی نەسرین و پەروین[١٠]

پار دێتە بیرم وەك خەوێ
کە دەبینم پیرێ شەوێ
ساڵێکی وا تازەم دەوێ
کە کورد بەهاری بەرکەوێ
وەگەن پێی ببێ بە گوڵزار

مژدە بێ ساڵ گەڕایەوە
ئاگری نەورۆز کرایەوە
بەفری زستان توایەوە
گژو گیا و گوڵ بووژایەوە
نوخشەش بێ لە کوردی هەژار

گوڵ لە باخا خۆی بنوێنێ
بولبول بە ڕوویدا ئەخوێنێ
هەور مرواری ئەپڕژێنێ

---

[١٠] هەمان ژمارەی پێشوو، ل٦.

نکەی ژین
www.zheen.org

شەماڵ زیندەگانی دێنێ
نێرگس مەستەو چاو بەخومار

وا فەڕشی چیمەن ڕاخرا
گوڵاڵە بوون بە شەوچرا
گوڵ دەستەیان بەست وەك چرا
نەسرین و لاولاو تێك خرا
هاتنە لەنجە سەرو و چنار

بولبول شەو بەئاواتەوە
بادەی شەونم دەخواتەوە
دەگری بە موناجاتەوە
بەڵکوو گوڵ دەم بکاتەوە
ئەو پێ بکەنێ، ئەم بگری بەزار

وەنەوشە وەك من شینپۆشە
لە سوجدەدایە، خامۆشە
دڵی بۆ گریان بەجۆشە
بەهاری لەلا ناخۆشە
بێزارە لە نەغمەی هوزار

www.....org

(١١)

## نەورۆز[11]

جەژنی نەورۆزە، گولاَن صەفصەف وەرن دەس‌بەستەبن
ڕەشبەڵەك، سوورو سپی، سەوز و بنەوش ئاوێتە بن
ئاگەداری شۆری عەشقی بولبولی دڵخەستە بن
بۆ ثەناخوانی وەکوو شێت بێقەرار ئەتلێتەوە

ئاگری نەورۆز کە هەڵگیرسا، ئیتر فەصڵی خەزان
شینی کوێستان و تەمی زستان و ئاهی عاشقان
مەرگی ناکامان و دەردی بێنەوایانی جیهان
بەو گڕە جوانە کەوا ئەگرێ، ئیتر ئەبرێتەوە

بەم گڕە دڵسۆزە لالەو سونبول و میناو چنوور
نەرگسی شەهلاوو بەیبوون و قەرەنفول، سەوز و سوور
سوێسنی باغی ئەدەب، پیری حەزینی کەم‌سروور
سەرلەنوێ بێغەم لە دڵیانا فەرەح ئەژییێتەوە
جار بەجارێ دەشت و صەحرا و کێوی ڕەنگینی جوان

[11] ژین، ژ ٦٢٠، ٦ی مارتی ١٩٤١، ل٢.

www.zheen.org

هەروەکوو پیرۆزە شینی دایێ بە ئەمری موستەعان
بولبولی شەیدا لەسەر گوڵ مەستی سەودا نەغمەخوان
پۆلی نەقشینی پەپوولە چڵ بە چڵ ئەخولێتەوە

کەو، بە دەنگی قەهقەهە، قومری بە ناڵەی دڵفەریب
هاڕەهاڕی ئەو مەهیب و پۆلی سەرسەوزان بە تیپ
بای شەماڵ نەشئەی حەیات دێنێ لە هەوراز و نەشیب
مشت ومالی ڕۆح ئەکا، ژەنگی دلآن ئەسڕێتەوە

وا دەمی خێلآنە، فەصلی کۆچی ئێلی جافە خۆ
ڕێك خراو قیرتاو کرا ڕێوبان هەمووی بۆ هات‌وچۆ
قەطرە)وو (دەربەندیخان) قۆرتی نەما، پیادا بڕۆ
ڕیزە ڕەشماڵی (دوواوان)ە کە ئەدرەوشێتەوە

www.zheen.org

زۆر دەمێکە عالەمێك حەسرەتکەشی دیداری تۆن
چاوەڕێی دانەیی ڕێی نیسان و بارینی گەزۆن
شا و گەداو پیرو جەوان، تێکڕا بە لوطفی تۆ خەڕۆن
حەیفە سووورداشی کەوا مەهجوورە، دوورە لێتەوە

## (١٢)

## نەورۆز[١٢]

بۆ ئەمەی باوەڕمان پیْ بکەن کە تائیْستا سەیرانی نەورۆزمان بە هیچ هەواییْکی لاوە نەکردووە، وا شەوی یەکشەممە لە گردی یارە، ئاگری نەورۆز ئەکریْتەوە. ڕۆژی هەینوویش سەیرانە، جنسی لەطیف کە ئەمساڵ لە بەفرا کەسیرە بوون، با بای باڵی خۆیان بدەن، بە سایەی ئەوانیشەوە جنسی خەشین ئەتوانن بیْن، بەڵام ڕەشبەڵەك نییە.

بنکەی ژین
www.zheen.org

[١٢] ژین، ژ٦٦٢، ١٩ی ئاژاری ١٩٤٢، ل١.

## (١٣)
## ئیعتیذار[13]

ئێمە سێ ساڵ بوو بە حەسرەتەوە بووین کە نەورۆزێکی عەنعەنەی باوباپیرمان بکەین. ئەمساڵ کە شوبهە نەمابوو و هەموو دنیا تێ گەیشتن کە نەورۆزی ئێمە بە هیچ هەواییێکەوە نییە، وامان دانابوو کە لەسەر کارێزی شەریف سەیرانێکی بۆ بکەین، کەچی جارێ ئەو ڕۆژە کە ئێمە ئاگرەکەمان کردەوە، کردی [بە] بەفرو باران و خستمانە ڕۆژی مەولوود، کەچی وا تەعزیەمان هاتە پێش، ناچار وا مایەوە، بەڵام بە صوورەتی سەیران نا، بە شکڵی مەولوود خستمانە چەندێکی تر.

هیوامان بەخوا هەیە تا دنیا خۆش ئەبێ، دنیاش بە تەواوی خۆشی بێ، یەعنی تا بەهار ئەکەوێتە گرمەی خۆشی، گرمەی بۆمباو تۆپ و تفەنگیش نەمێنێ، ئەوسایە بە ڕووخۆشییەوە خۆش ڕائەبوێرین.

---

[13] ژین، ژ٦٣٣، ٢٦ی ئازاری ١٩٤٢، ل٤.

## (١٤)
## کوردو ئێران[١٤]

ئەم چەندانە کچە کوردێ کە -هەرچۆنی بێ ئارەزووی منە- وایە، صووڕەت و سیرەت و ئەدەب و ئاداب و جەماڵ و کەماڵی تا بڵێی شیرین، تەماشای ناوچاوی بکەی، جیلوەییێکی کوردیی تیایەو لە هەموو ئەندامیا خوێنی کوردی پەیدایە، فارسی کە زبانی دایکیەتی و کوردی کە یادگاری باوکیەتی، بەقەد عەرەبی کە زبانی مەسکەن و مەوطنیەتی، باش ئەزانێ، هەروا لە گفتوگۆدا بە خۆشییەکەوە وتی: کتێبێکی تازەی "ڕەشید یاسەمی"ی چاپی ئێران دەرچووە*، لە ڕابیطەی نەژادی کوردو ئێران دوواوە، کتێبەکەت ئەدەمێ بیخوێنەرەوە، زۆر باشە لەگەڵ ئێراندا شناسیی کۆنمان تازە ئەکاتەوە. لێم وەر گرت، خوێندمەوە. منیش وەك ئەو خۆشحاڵ بووم، چونکوو من باوك و باپیری خۆم ئەناسم، باپیرم بەختیاری‌یە. جارێکیش لە طەرەف حکوومەتی عوثمانییەوە چوومە تەورێز، کە "سەردار ئەسعەد" لەوێ حوکمڕان بوو. ئەو ئیشە

---

[١٤] ژین، ژ٦٨٠، ٢٧ی ئاغسطۆسی ١٩٤٢.

* مەبەست کتێبی (کرد پیوستگی نژادی و تاریخی او)ی دانراوی "ڕەشید یاسەمی"یە کە ساڵی ١٩٤٢ لە چاپخانەی ئێران- تاران چاپ بووە.

موهیممەی حدوودی بۆ دروست کردم. تەحصیلیشم فارسییە و زۆر مەنظوومە و مەقالە کە بۆ غەزەتەی **"فەرهەنگ"** و **"شەفەقی سورخ"**ی تارانم ناردووە، هەموو پارەیێکی موناسیبیان بۆ ئەناردمە ئەستەمووڵ.

جا بەم ئەساسە و بەم ڕابیطەی نەژادەوە، زۆر مەمنوونی ئەو پیاوە ڕەشیدە بووم کە یادی کردمەوە، ئەو ڕیوایەتەی دەربارەی سلێمانیی نووسیوە، زۆرتر تەعەللووقی بە منە، کە لە لاپەڕەی (١٢٠) نووسیویە: ئەهلی سلێمانی لە نەورۆزدا سەیران ئەکەن. بەڵێ، کە لە هەموو جەژنی نەورۆزدا من ئاگری نەورۆز ئەکەمەوەو لەسەر کارێزی شەریف ضیافەتی عوومی ئەکەم و دوازدە سەماوەر بە عەدەدی ساڵ لێ ئەنێم، ئەمما ئەمە بۆ هەواخواهیی حکوومەتی نییە، تەنها بۆ ئەوەیە بە عادەتی کوردیی نەورۆز بە سەری ساڵی تازە ئەژمێرێن و ئاگر بۆ ڕووناکیی ڕێی ساڵی تازە دائەنێم. ئاگرپەرست نیم، وەلێ ئینکاری ئەمەم پێ ناکرێ کە کوردو ئێران یەك نەژادو یەك ڕەگەز و یەك خوو نین، حەتتا زبانیشیان لە قەدیمەوە پەهلەوی بووە. ئەوان کە (ئەصطەخر)* ی فارسیان کردووە بە پایتەخت و ئەم فارسییەی ئێستایان کردووە بە زبان، ئێمە لەسەر زبانی کۆن ماینەوە، بەڵام لە زباندا تەفاوتێکی وامان لەبەیندا نییە. ئەمە **"میرزا فەضلوڵڵا"** لە (**تەئریخی موعجەم**)دا نووسیویە: دوور

---

* ئەصطەخر: پرسیپۆلسی کۆن و پایتەختی دینیی دەوڵەتی ساسانی.

نەچین ئەم "ڕەشید یاسەمی"یە خدمەتێکی زۆر گەورەی بۆ میللەت و زبانی کورد کردووە، بەلاّم هەندێ جیهەت هەیە، ئەگەر مام ئەوە ئیضاح ئەکەم، لەبابەت زبانەوە ئەبێ هەندێکی تری بکۆڵینەوە.

بنکەی ژین
www.zheen.org

(١٥)

## جەژنی مەولوود و نەورۆز[١٥]

وا سەرلەنویٚ زەمین و گیاو گوڵ ژیایەوە
گیرۆدەیی و کەسیرەییی سەرما برایەوە
خوا بکا هەوای گوشایشی ئەم خاکە بێتەوە
ئەم ئاگرەیش بە ئاوی نیسان دامرێتەوە
وەیا: ((الله نور السماوات))
چرای ڕێمان بیٚ میصباحی میشکات
فەرمووتە ((نار نور علی نور))
مەولوود و نەورۆز وا هاتنە ظهوور
دوو ڕەبیع یەکێك مەولوودی سەردار
ئەو ڕەبیعی تر نەورۆزی بەهار
ئەم دوانە ئەمساڵ کەوتوونە مانگیٚ
بۆ پیرۆزیی کورد ئاواز و بانگیٚ
نییەتی مەولوود لە نەورۆز دێنین
لە گردی یارە مەولوود ئەخوێنین
بەو نییەتە خوا ئەم دوو جەژنەمان

---

[١٥] ژین، ژ٧٠٠، ١٨ی مارتی ١٩٤٣، ل١.

پیرۆز کاو ببێ بە جەژنی جیهان
یەعنی ئەم شەڕە بکوژێنێتەوە
ئەم فەلاکەتە بڕێنێتەوە
جارێ نەورۆزمان ڕۆژێکی وایە
ڕۆژی سرشتی هەموو دنیایە
ئەو ڕۆژەیە سالْ نوێ ئەبێتەوە
زەوی و درەخت و گیا ئەژێیتەوە
بە ((یحي الارض بعد موتها))
زیندەگیی تازە ئەبینین وەها
ئەنجا مەولوودی ئەو پێغەمبەرە
تەعریف و مەدحی لە حەد بەدەرە
هەر لە ڕۆژهەلاْت هەتا ڕۆژئاوا
چرای ئەم دینەی تیا هەلْکراوە
ئەگەر دینەکەی وا چاك نەبوایە
دیموقراطی چۆن ئەهاتە کایە؟
طفـلێکی بێکەس، خۆی نەخوێندەوار
خودا بەو دینە کردی بە سەردار
شێوەی سرشتی لەدەست خۆی ناوە
خۆی چۆنی ویست وا دروست کراوە
بۆ ئەم دوو جەژنە لە گردی یارە
کۆ ئەبنەوە خەلْکی ئەم شارە

کەڵەك و شووتی، توور و پورتەقاڵ
لەگەڵ یاپراخ و چا، جەژنانەی ساڵ
هەرچەند ئەمانە ئەمساڵ گرانە
لەلای پیرەمێرد هەمووی ئاسانە
چرای باپیران ناکوژێتەوە
هەرچی خەرج کا لە جێی دێتەوە
باوك و باپیرمان با ناو دەربەرن
ڕۆڵەی زانستیش تێر تیا هەڵپەڕن

بنکەی ژین
www.zheen.org

## (١٦)

## نەورۆز[١٦]

نووری دیدەی من و ولاتەکەم "ئەمین زەکی بەگ" لە "گەلاوێژ"[*]ی جاری پێشوودا لە نەورۆزی من دووابوو. دیارە ئێمە بە پەرێزی ئەوا ڕاناگەین، بەڵام گوڵەوەچنی درێغ نەکراوە؛ ئەوا ئەمجارە گوڵەوەچنیی ئەو پەرێزە ئەکەم و لە نەورۆز ئەدوێم.

نەورۆز، ڕۆژی نوێ، ڕۆژی یەکەمی (فەروەردین)ی باستانی و نۆی مارتی کۆنی ڕۆمی و ٢٢ی مارتی فەرەنگ کە ئەمساڵ ئەکەوێتە شازدەی ڕەبیعول ئەووەڵ، کە ڕەبیعیش بە کوردی بەهارە و چوار ڕۆژی دوای مەولوودی پێغەمبەرە گەورەکەمانە، سەری ساڵی تازەی ڕۆژهەڵاتیەکانە. ئەو خودایەی کە ئەم دەور و چەرخەی داناوە، لە (قورئان)دا لە (سوورەی یوونس، ئایەتی پێنجەم)دا فەرموویە: ((هو الذي جعل الشمس ضياءً والقمر نوراً وقدّره منازل لتعلموا عدد السنين والحساب)). ئەم حیسابە و ژمارەیە زۆر ئەستێرەناسان

[١٦] گۆڤاری "گەلاوێژ"، ژ٣، ساڵ ٤، مارتی ١٩٤٣، ل١-٢.

[*] مەبەست گۆڤاری کوردیی مانگانەی "گەلاوێژ"ە کە مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد خاوەنی ئیمتیازو عەلادین سەجادی بەڕێوەبەری نووسینی بووە، ساڵانی ١٩٣٩-١٩٤٩ لە بەغدا دەر چووە.

لێکیان داوەتەوە و ئەووەڵ ژمارەکەر و ئەستێرەناس "شیث"ی کوڕی ئادەم و دوای ئەو "ئیدریس"ی پێغەمبەر کە جوولەکەیە بە "ئاختووخ"ی ناو ئەبەن؛ ئەڵێن ئاسمان (سپیهر) دوازدە کەلوو (بورج)ی هەیە، هەر کەلوویەکی (٣٠) ڕێبازە. ئەم ڕۆژە هەر مانگێ ئەچێتە کەلوویەکەوە و هەر ڕۆژە گرگر ئەگەڕێتەوە، شار گڕ ئەدا، دیسانەوە ئەکەوێتە گەردوخول، ئەسووڕێتەوە تا خوا ئەڵێ بەسە!

جا هەموو ساڵێك کە گەیشتە کەلووی بەرخەوە، سەری ساڵی تازەیە و لەو مانگەدا بەپێی ساڵنامەی ئاختووخ بەهارە و ئەو ڕۆژەیە کە خوا فەرموویە: ((یُحي الأرض بعد موتها)). گوڵ و گیا و درەخت ئەژیێتەوە و زیندەوەر و گیانلەبەر ئەبووژێتەوە. پێغەمبەر کە خوا و فریشتەی خوا صەڵەواتیان لو ە دیداری داوە، فەرموویە: بای بەهار هەرچۆنێ گیان ئەکاتەوە، بەری درەخت و گەڵای سەوزی پێ پەیدا ئەکا. بەو ڕەنگە ڕەنگ‌وبۆیش ئەدا بە ئێوە.

ئەمە چشتێك نییە بشارێتەوە، هەموو بە چاوی خۆمان ئەیبینین و بە لەش و دەروونی خۆمان تێ‌دەگەین کە بەهار و نەورۆز ئەو ڕۆژەیە زیندەگانیی دووبارەی تیایە، وە کە ئەچینە دەشت و هەوایەکی بەهارمان لێ ئەدا، هەواییێکی تازەمان ئەکەوێتە دڵەوە. کەواتە ئەم لەلەوبڕییە ڕاستە و نەورۆز سەری ساڵە، خۆڕایی نییە کە کردوویانە بە جەژن.

هەندێك ئەڵێن: نەورۆز لە زەردەشتەوە داهاتووە. من وەکوو تێ‌گەیشتووم گەلێ بەر لەوە "جەمشید" کە چواردەمین پادشای

پێشدادیانه و به حیسابی شانامه ٢٦٥١ ساڵ پێش زەردەشتە، ئەو ڕۆژە کەوا نەورۆزی پێ ئەڵێن، لە ئاذەربایجان لە شوێنێکی دەشت و چیمەن و گوڵزار خێوەتی بۆ هەڵئەدەن و تەختی زەڕنیگاری بۆ دائەنێن. دەمی بەیان زەمزەمەی مورغ و هەوای شەماڵ خەبەری ئەکاتەوە؛ ئەڵێ تەختی بۆ ئەبەنە دەرەوە، کەمێ سارد ئەبێ، ئاگری بۆ ئەکەنەوە، گڕی ئاگر و تیشکی ڕۆژ ئەدا لە بەرگی سورمە و ئەڵماسی تاج و زەڕبەختی تەخت. لە هەمووڵایەکەوە ئەڵێن: (شید)، بە زبانی پەهلەوی پەرتەوە، خۆی ناوی "جەم"ە و ئەو پەرتەوەیش شید بووە بە جەمشید. ئەویش هەستاوە بەرامبەر بەو ستایشە داستانێکی باستانیی خوێندووەتەوە. ئەو ڕۆژەیان ناو ناوە نەورۆز. دوای ئەوە، زەردەشت بە ئیلهام فەرموویە ئەم ڕۆژە ئەو ڕۆژەیە کە خوا ئەم چەرخ و ئاسمان و زەمینەی تیا ئافەریدە کردووە.

بێینە سەر ئاگری نەورۆز؛ ئەم ئاگرە بە هیچ ڕەنگێ لە ئاگرپەرستییەوە نەهاتووە و گاتەکانی زەردەشت ئاتەشپەرستیی تیا نییە. زەردەشت خودای یەگانەی پەرستووە. ئێستایش لەناو هەموو قەومێکدا، زۆرتر لەناو موسڵماناندا، لەو شەوانەدا کە بە شەوی پیرۆزی دائەنێن، لەسەر منارە و مردوو و شەخصدا قەندیل و چرا ئەسووتێنن، بەو نزایە خوا پێشیان ڕووناک بکاتەوە.

دیارە ئەم ئاگرە بۆ ئوەیە خوا ڕێی ساڵی تازەیان ڕووناک بکاتەوە، ئاگریش لە چوار سروشتی ئادەمیزادا بە باوکی باڵا و موبارەکی ئەژمێررێ. پیرەمێرد کە هەموو ساڵێ ئاگری نەورۆز

ئەکاتەوە، تەنها بۆ پەیڕەوی باووباپیرە، بە بلێسەی نیاکان ڕێگوذەری ئایندەکان ڕوون ئەکاتەوە.

هەندێ بەوە خۆیان جاڕس کرد "پیرەمێرد"یان بە مەجووسی (ئاتەشپەرست) دائەنا. و پیرەمێردی خوێندەوار ئەزانێ ئاگرێك کە خۆی بیکاتەوە و خۆی بتوانێ بیکوژێنێتەوە، چۆن ئەیپەرستێ! پیرەمێرد خوا ئایینێکی پاك و گوزەرانێکی چاکی داوەتێ، لەژێر قوبەی ئەم گەردوونەدا هیوای بە کەس نییە و پەروای لە کەس نییە، سیاسەت بە سیاسەت ئەزانێ، لا ناکاتەوە، لە کەس کۆ ناکاتەوە و پارەیش کۆ ناکاتەوە، کوردە ناگۆڕێ، تا دەچێتە گۆڕێ.

بنکەی ژین
www.zheen.org

(١٧)

## جەژنی نەورۆز[١٧]

ڕۆژنامەی ژین، جەژنە پیرۆزی لە هەموو نەوەی کوردان و پێگەیشتوان و تێگەیشتوان ئەکا. ئەمساڵ شەوی نەورۆز بایێکی سەختی هەڵکرد، پیرەمێرد پێش نەوجوانان کەوت، لە گردی یارە کە هەموو دیاری لێ دیارە، شەوقی ئاگری بڵند کردەوە، بەو نییەتە کە ئەم ئاگری شەڕە بکوژێتەوە. یاخوا ڕۆڵەکانی شەرقی ئەدنامان* سەرفرازو خۆشئاواز بن کە ڕۆژی نەورۆز بە ئاهەنگەوە نەورۆزنامەکەی ئێمەیان خوێندەوە.

بنکەی ژین
www.zheen.org

[١٧] ژین، ژ٧٠١، ٢٥ی مارتی ١٩٤٣، ل١.

* مەبەستی خوالێخۆشبوان (گۆران، ڕەمزی قەزازو ڕەفیق چالاک)ە، کە ئەو ڕۆژانەی دووم جەنگی جیهانی لە بەشی کوردیی ڕادیۆی (یافا) کاریان کردووە.

## (١٨)

## سەیرانی نەورۆز[١٨]

سەیرانی نەورۆزی کوردان کە هەموو ساڵێك پیرەمێرد کردوویە، ئەمساڵ هەوا بورجی (حەمەل)ی لێ گۆڕین بە بورجی (ثەور)، ڕۆژی ٢٢ی مارت کە نەورۆز بوو، باییێکی هەڵکرد، لەو دەشتە گای ئەفڕاند. لەبەر ئەوە ئەصڵی سەیرانمان خستە ڕۆژێکی هەینوو کە خۆش بێ و تەعطیلی سەراو مەکتەب بێ، هەموو کەس بتوانن بێن. خوا وای کرد هەرچی ڕۆژێ بەر هەینوو ئەکەوت، ئەیکرد بە شەست و ڕەهێڵەو باران و تەرزە. دوو جار ئێمە ڕۆژی پێنجشەموان تەدارەکمان ئەکرد، مەنجەڵە یاپراخ و کنگرمان ئەکوڵاند، لەبەر باران لێی تێك ئەداین. ئاخری درۆییێکمان لەگەڵ هەورەکە کرد، وتمان ئیتر ناچین بۆ سەیران. وتمان قیری سیا، ئێمە کە وتوومانە درۆ ناکەین و هەر کەسێ درۆمان بگرێ، حەوت ڕووپیەی ئەدەینێ، ئەوا حەوت ڕووپیە دادەنێین و درۆ لەگەڵ ئینسان ناکەین، لەگەڵ هەوری دەکەین.

شەوی پێنجشەممە هەر باری، بەیانیی هەینوو هەڵیبڕوونگان وە ئێمە بۆی دەرچووین، گردی یارەو کارێزی شەریف، ئەو دەشتە تیپی کیژە کوردان کە وەك گوڵ و گوڵاڵە

---

[١٨] ژین، ژ٧٠٥، ٢٩ی نیسانی ١٩٤٣، ل٢.

ڕازابوونەوە، گوڵ و گوڵاڵەی صەحرایان پەست کردو کارێزی شەریف بوو بە مەڵبەندی جوانمان. دوو هۆزو دوو خێڵ بە جوێ پیاوان کەوتبوونە ژوور کارێزەکەو دەستەی جنسی لەطیفیش تەختگای خۆی ڕازاندبوەوە و بە هەر چوار طەرەفی گردەکەیشا ژنان حەڵقەیان دابوو، بە ژمارەی ساڵ دوازدە سەماوەر جوش درابوو، سیڕوهووری سەماوەر لەگەڵ گۆرانیی نەورۆز بۆ یەکیان ئەسەندەوە. هەڵپەرکێی کیژان، پیرەمێرد سەرچۆپیی بۆ ئەکێشان، پری کێوان و فریشتەی ئاسمان حەسرەتیان دەکێشان. لە دەستەی پیاوانیشدا سەرتیپ "ڕەشۆڵ" و لاوە دەنگخۆشەکان بە ئاوازەی نەورۆز و بەستەی کوردستان زەوی‌و گیاو گوڵ‌و دڵیان هێنابوە جونبوشەوەو چوارصەد سەلك پەنیر و چوارصەد نانی گەنمە قەندەهاری و پووشی خورما، چوار بار کنگری کوڵاو و چوار مەنجەڵ یاپراخی گەلامێوی تازەو شفتەی سوورەوەکراو و دومەڵان، لەو نیسبەتەدا بیست وچوار کەللەشەکر کە هەر کەللەیێکی صەد چای لێ دراوە، لەو سەیرانەدا نۆشی گیان کرا.

ئەمانە موبالەغەی شاعیری تیا نییە، هەرچەند پیرەمێرد ئەمانەی هێنابوو، بەڵام خۆی شاعیر نییەو ئەمەیش ڕاستە لەسەر کارێزەکەوە تا ناو شاری سلێمانی بەبێ بوارە لە دەستەی سەیران ڕێ بەر ڕێبوار نەدەکەوت. کاتێ کە دڵ بە جۆشی ئەو دەشتەو ئەو سەیرانە هاتبوە جۆش‌وخرۆش، لەسەر نیازی پیرەمێرد بەو دڵە صاف و ڕەوانە دوعای بڕانەوەی ئەم شەڕەو سەرکەوتن و

مووەفەقبوونی حکوومەتی بریتانیا کراو هەر ئەو ڕۆژە هجوومی توونس دەستی پێ کرد. خوا یار بێ جەژنی توونسیش بە جۆی هەر لەو شوێنە دەکەین.

بنکەی ژین
www.zheen.org

(١٩)

## پەیڕەوی چاکان[١٩]

لە شەڕی ڕووس و عوثمانیدا کە شەڕی ٩٣ی پێ ئەڵێن*، کاکئەحمەد**ی قوطبی کوردستان شەو و ڕۆژ خەریکی لەشکرئارایی وخەڵکناردن بوو بۆ (غەزا). جارێ لەپێشەوە شێخ سەعیدی کوڕەزای خۆی کە باوکی شێخ مەحموود بوو، بە دەف و بەیداخەوە ناردی بۆ جەبهەی قەفقاس، سپاییێکی بێدادی شوێن کەوت. دوای ئەوە دیزەییێکی ڕەشی هێنا، ناوی قڕاڵی ڕووسی لێ نووسی و بە وشکی خستیە سەر ئاگر، دیزە تەقی وحیسابی شەو و سەعاتیان قەید کرد تا دوایی خەبەر هات، زانرا کە ئەو شەوە و ئەو سەعات و دەقیقەیە چاری ڕووسیە مردووە.

منیش خدمەتی کاکئەحمەدم زۆر کردووەو (مەکتووب)ەکەیم نووسیوەتەوەو زۆرتر لە خدمەتیا بووم و خدمەتی نەوەی ئەویشم زۆر کردووە، زۆریشم باوەڕ پێیەتی، چونکوو کەراماتم لێ دیوە.

---

[١٩] ژین، ژ٧٣٥، ١٧ی شوباطی ١٩٤٤.

* ٩٣: واتە ١٢٩٣ی ڕۆمی کە دەکاتە ١٨٧٧ی زاین.

** کاکئەحمەد: کوڕی شێخ مەعرووفی نۆدێییو گەورەپیاوێکی دینداری چاکەکەری کۆمەڵایەتیی ڕۆژگاری خۆی بووە.

ئەوەندەیشی خۆش ئەویستم، لەپاش وەفاتی دووجار لە کوشتن ڕسگاری کردووم، لەبەر ئەوە هاتووە بە دڵما پەیڕەوی ئەو دەکەم. بە یاریدەی ڕۆحانیی ئەو دیزەییێکی ڕەشمان هەیە، قیری سیای لێ دەکەم [دەدەم]، ناوی (هیتلەر)ی لێ ئەنووسم و ئەیخەمە سەر ئاگری نەورۆز، لە گردی یارەوە تەقەی بگاتە ناو شارو ڕەقەم ١٤ی تەلەفۆن*. هیوام بە کەراماتی ئەو پیرە دەستگیرە هەیە، هیتلەریش هەر لەو ڕۆژەدا لە شوێنی خۆی بتەقێ بە ئاگری نەورۆزو بە دوعای کورد و بە هیممەتی کاکئەحمەد ئەم ئاگری شەڕە بکوژێتەوە. ئاگر و دیزە لە من و هیممەت لە کاکئەحمەد، ڕۆحم فیدای مەرقەدەکەی بێ.

بنکەی ژین
www.zheen.org

---

* دەبێ ژمارەی تەلەفۆنی تایبەتی ماڵی پیرەمێرد خۆی بێ.

(٢٠)

## دیسان من و نەورۆز[20]

سەرگوزەشتی من و نەورۆز دیوانچەییێکە کە ئەبێ نەوەی ئایندە لەبیریان بێ و لەبەریان بێ، بۆ ئەوەی لە پەیجۆری ڕاهوڕەسمی باووباپیری خۆیان و پیشەی ئێڵەکەیان نەبەزن و بەکێش بن. لەمەوبەر نووسیبوومان کە بۆ ئەم نەورۆزە چییان بەسەر هێناین کە خوێی چێشتە، جارێ با ئەو بمێنێ، ئەمجارە خۆشەوەکەرەی دوای تاڵەوەکەرە ئەنووسین.

پەروەردگاری زەوی و ئاسمان کە فەرموویەتی بە زبانی (قورئان):

دوایی تەنگانە کار ئەبێ ئاسان
ئەمساڵ ئەمەمان بۆ هاتە مەیدان

خوا موتەصەڕیفێکی خوێندەواری تێگەیشتووی بۆ ناردین، کە بە هەموو مەعناییێکەوە دیموقراطي، خواناسی تەعقیب ئەکاو بە لێوردبوونەوەییێکی کەم زانیی کە ئەم نەورۆزە هیچ هەواییێك و بە هیچ ئاینێکی پڕووپووچەوە نییە، تەنها سەری ساڵێکی تازە[یە] کە

[20] ژین، ژ ٧٣٨، ٦ی نیسانی ١٩٤٤.

باوك [و] باپیرانمان بە جەژنیان زانیوە. لەبەر ئەوە بەرهەڵستیی نەکرد، ئێمەیش ئەمساڵ داخی هەمووساڵێکمان ڕشت. جارێ لەپێشەوە لەسەر (گردی یارە) سەرلەئێوارە دار هەڵچنرا و کە تاریك داهات، بە دەهۆڵ و زوڕنا ئەهلی ئەم شارە چوون ئاگریان تێ بەردا. نێڵەی ئاگرو ناڵەی دەهۆڵ بەرز بووەوە، تا درەنگێ لەو سەر گردە هەڵپەڕکێ بوو و هەموو بە گڕی دەروون و بە کوڵی دڵ دوعای خێرمان بۆ موتەصەڕیفەکەمان کرد و بۆ ڕۆژی جومعەیش بۆ جاڕی سەیران بە شارا گەڕاین و ڕوومان کردە کارێزی شەریف.

ئەمساڵ نەورۆز بەر مانگی مەولوودی پێغەمبەرە خۆشەویستەکەمان کەوت، بۆیە وا بە خۆشی ڕامانبوارد، لەسەر ئارەزووی موتەصەڕیف لەو دەشتە مەولوودێکی زۆر بەعەنعەنە خوێنرا. بەستەخوێنەکانمان هەڵبژێررابوون، بە نەغمەی دڵکەشی ئەوان **مەلا محەمەد ئەفەندیی حاجی مەلا مصطەفا کوردە*** کە لە

بنکەی ژین
www.zheen.org

* مەلا محەمەدی کوردی: ١٩٠٩ لە سلێمانی لەدایك بووە. لەلای باوکی چووەوەتە بەر خوێندن، ئەمجا لای شێخ عیسامەددینی عەودالآن و حاجی شێخ ئەمینی خاڵ، کە ئیجازەی لێ وەر گرتووە. ١٩٢٧ پاش باوکی بووە بە پێشنوێژی مزگەوتی سەیید حەسەن تا ١٩٣٨، مامۆستای قوتابخانەی زانستیش بووە. ١٩٣٨-١٩٤١ مامۆستا بووە لە قوتابخانەکانی بەکرەجۆ، سلێمانی و هەڵەبجە. پاشان کراوە بە کاتبی واریدات و وردبینی شارەوانیی سلێمانی، ژمێریاری دائیرەی ئاوو کارەبا، سەرۆکی تێبینانی شارەوانی، تا ١٩٧٤ کە خانەنشین بووە. ٣٠ی مارتی ١٩٨٨ کۆچی دواییی کردووەو لە گردی شێخ محێدین نێژراوە.

فەیضی موئەللیفی مەولوودەکە "شێخ محەمەدی خاڵ"[٭] پێ گەییوە، وا بە تەئثیری خوێندەوە، بە چاوی دڵ ئەمانبینی کە نووری پێغەمبەر و ڕۆحی ئەجداد بەژوور سەرمانەوە ئەدرەوشێتەوە. پیرەمێرد، ئەو دەشتەی پڕ کردبوو لە گوێزەبانە و خواردەمەنی، هەزارو شەشصەد نان بە ژمارەو شەش مەنجەڵ یاپراخ، چوار مەنجەڵ پلاو ودۆکوڵیوو قەزاتمەی عموومی و گوێزەبانەیش مێوژو گوێز و خورما و نوقڵێکی زۆر تایبەتیش، چوار پەردە پلاوو چوار سینی پاقلاوە و پەنیر و خورما و هێلکەی کولاو و تەڕەپیاز، دوازدە سەماوەر هەریەکە بە دوو کیلۆ شەکرو چاوە تا ئێوارە چایان داو ...

[لێرەبەدوا تەواوکەرەکەی لە ڕۆژنامەکەدا نییە.]

بنکەی ژین
www.zheen.org

---

[٭] مەلا محەمەد، ٢٥ ساڵ هاوکاری شێخ محەمەدی خاڵ بووە لە دانانی فەرهەنگەکەیدا. عەرەبی و فارسیی زانیون و لێی وەر گێڕاون. پەخشاننووسێکی بالادەست بووەو (نموونەی کوردیی پەتی)ی هەبوە. نەخشی لە گۆڤاری "سلێمانی"ی بلاوکراوەی سالانی شەستی شارەوانیی سلێمانیدا هەبوە. ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی کوردو لیژنەی دانانی کتێبی ڕێزمانی کوردیی قوتابخانەکان بووە (بڕوانە: منو بولبول: لە خەرمانی محەمەد مستەفا کوردی، ئامادەکردنی جەلال محەمەد مستەفا کوردی، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل٣-٨).

**(٢١)**

## یاران بەهارە[٢١]

**شنەی پڕ نەشئەی یادی بەهارە**
**لالە ئاگری ناو چیمەزارە**
**ئاگری نەورۆزیش لە گردی یارە**
**پێشنخانەی نوورە بۆ ئەم دیارە**

**ئەو ئاگرەی مووسا دیی لە کێوی طوور**
**بۆ ڕێی سەربەرزی بوو بە گڕی نوور**
**ئاگری نەورۆزیش لەنزیك سروور**
**شاپڵیتەی نووری پەروەرگارە**

www.zheen.org

**ئەو شەوەی وتیان ئەمشەو نەورۆزە**
**جۆشا و خرۆشا لاوی ئەم هۆزە**
**دەهۆڵ و زوڕنا و جەژنە پیرۆزە**
**ئاگرەکەی گردی یارە بەسۆزە**
**ڕووناکیی بەختی بەخشی ئەم شارە**

---

[٢١] ژین، ژ٧٣٧، ٢٨ی مارتی ١٩٤٤، ل١.

ئەمە جەژنێکی باوك و باپیرە
نەورۆزنامەیان ئێستایش لەبیرە
دەهۆڵ و زوڕنا و شایی هیی پیرە
نازانین بۆچی هاوسێ دڵگیرە
کوڵەوەیبابمان مارێکی هارە

بنکەی ژین
www.zheen.org

(٢٢)

## من و نەورۆز[٢٢]

منداڵ بووم، لای مەلا حسێنە گۆجە ئەمخوێند. کە ئەگەیشتینە دەمی بەهار، مامۆستا ئەیگوت بچن نەورۆزانە بێنن. ئێمەیش بەسەر دایکمانا ئەگریاین، سا دایك و باوکمان هەرچییان لەدەست بهاتایەو هەرچییان لەبارا بوایە، یا (چەرخێ) یا قڕانێ حەمەشایی یا پەنابات*، ئەیاندایني. ئەمانهێنا، ئەویش بەشی خۆی لێ هەڵئەگرت، یەکی قەمەرەیێکی ئەدایني، ئەچووین لە مزگەوتی شێخ ئەوڕەحمانی شێخ ئەبووبەکر، ئەوضا [ئەولاّ] سوورەی (دۆڵەتوو)یی خەطی خۆش بوو، نەورۆزنامەی بۆ ئەنووسینەوە:

نوروز شد، نوروز شد

نوروز نو فیروز شد

دنیا همه پیروز شد

بلبل غزل‌آموز شد

بابا بده نوروزیم

تا برخوری از روزیم

---

[٢٢] هەمان ژمارە، ل٢-٣.

* ئەوانە چەند جۆرێك پارەی باوی سەردەمەکەن.

بنکەی ژین
www.zheen.org

ئیتر ئەمە بە هەموو کۆڵان و سەربانێکدا، بە گۆرانییەوە ئەمانگوت. ئەو ڕۆژەیش ئازاد بووین، ئەچووینە ئەو دەشتە، ئیتر نەمانئەزانی ئەم ڕۆژە چییە، تا ڕۆژێ "حەسەن ئەفەندی"ی مامم لێی پرسیم: تۆ بە خۆشیی نەورۆزەوە هەڵدەتووڕێنی، نازانی ئەم نەورۆزە چییە؟ وتم: ئەم نەورۆزە ئەوەیە کە ئێمە پارە ئەدەین و بەرەڵدا ئەبین، وە کە ئەگەینە مریشکەڕەشەی کەبابە بۆ مامۆستای سەگبابە، ئەمانبەنەوە مریشك دێنین و ئیزن ئەبین، پێ کەنی، وتی ڕۆڵە ئەمە ڕۆژێکە خوا ئەم جیهانەی تیا دروست کردووە. هەموو ساڵێ کە ئەگاتە ئەم ئەندازە و لەلەبڕییەی چەرخەی ئاسمان، ساڵ ئەگەڕێتەوە و سەرلەنوێ زەوی زیندوو ئەبێتەوە، درەخت و گیا ئەبووژێتەوە، هەواییێکی تازە ئەکەوێتە ناوەوە. ئینسان کە هەناسە هەڵدەکێشێ، تێ دەگا کەوا گیانی تازە ئەبێتەوە.

کاتێکیش چوومە ئەستەمووڵ، لە سەرای پادشاهیدا ڕۆژی نۆی مارت هەموو وکەلا و وزەرا ئەهاتنە مابەین، تەبریکاتیان ئەکرد، نیشان بەو نیشانە مەعجوونی نەورۆزیان ئەخوارد و شەوی نەورۆزیش هەموو منارە قەندیلیان دائەگیرساند. کە هاتمەوە ئێرە، جارێکیان هەروا لە خۆمەوە نەورۆزم هاتەوە بیر، کە ئەمە عەنعەنە و پیشەییێکی باووباپیرمانە. ئێوارەییێکی شەوی نەورۆز، هەندێ دارم کڕی و کوڕگەلی زانستیم هەڵگرت و چوومە (گردی یارە)، ئاگری نەورۆزم کردەوە. بۆ بەیانی سەیرانم کرد و لەو دەشتە بە دەهۆڵ و زوڕنا هەڵپەڕین، نان و چێشت و چاییێکی زرۆیشم تیا بەشیەوە!

وەی تۆ ئاگری نەورۆز ئەکەیتەوە، ئاگرپەرستی! کوڕە، باوکم موسڵمانم، ئاگرێك کە خۆم ئەیکەمەوەو ئەیکوژێنمەوە، چۆنی ئەپەرستم؟! خێر، دەستەی ...... چوونە لای موتەصەڕیفی ئەوسایە کە "مەجید یەعقووبی"* بوو، شکاتیان کرد، چەرمەسەرییێکی زۆریان داین و قوتابیی زانستی حەپس کران و غەزەتەکەیان داخستم، کەس نەیئەوێرا بێ بەلاما. موبارەکێکی تری خۆیشمان، پار نەیدەهێشت نەورۆز بکەم. شکاتم لای "لاین"* کرد، ئەویش بۆی

---

* مەجید یەعقووبیی کەرکووکی لە ماوەی نێوان ١٩٣٧/١٠/١-١٩٣٩/٢/١٧دا موتەسەڕیفی لیوای سلێمانی بووە (ئەکرەمی مەحموودی ساڵحی ڕەشە، شاری سلێمانی، چ٢، ب١، ل٤٢٥).

* کاپتن لاین: (١٨٩٢-١٩٧٧)، لە بنەماڵەیەکی سکۆتلەندییە. ١٩١٢ چووەتە هیندستانو بووە بە بەڕێوەبەری لقی کۆمپانیای تووتنی ئەمریکا- بریتانیا. سەرەتای جەنگی یەکەم بە ئەفسەری یەدەك خراوەتە ناو سوپا. ١٩١٨ هاتووەتە میزۆپۆتامیا، بەشداریی داگیرکردنی مووسڵی کردووە. ١٩٢٠-١٩٢٢ یاریدەدەری حاکمی سیاسیو ١٩٢٥-١٩٢٩ موفەتیشی ئیداریی سلێمانی بووە. تا ١٩٤٤ وەزیفەی ئەفسەری سیاسی، موفەتیشی ئیداری، ئەفسەری یەکلاییکردنەوەی موڵکداریو ڕاوێژکاری سیاسیی ناو سوپای هەبوە لە عیراق. پاشان بووە بە قونسڵی بریتانیا لە هیراتی پایتەختی ئەتیووپیا. ١٩٤٩ خانەنشین کراوە. بیرەوەرییەکانی وەزیفەداریی لە عیراق نووسیوەتەوەو لەچاپ دراوە، د. یاسین سەردەشتی بەشی پێوەندیدار بە باشووری کوردستانی لێ کردووەتە کوردیو بەناوی (کورد، عەرەب، بەریتانییەکان: بیرەوەرییەکانی لاین لەمەڕ ڕووداوەکانی باشووری کوردستان ١٩١٩-١٩٢٩، سلێمانی، ٢٠١٠)ەوە بڵاوی کردووەتەوە

www.zhenn.org

**نووسیبوو: بۆچی مەنعی ئەکەی؟ وتبووی حکوومەت ئیسعافی ئاییینی ئاتەشپەرستی ناکا، ئەو جوابەم لەلایە. تا لە بەغداوە وتیان: دیموقراطی ئەم نەوعە قصە قۆڕانە قبووڵ ناکا.**

**ئیتر سەیرانی خۆیشم کرد، بەلاّم دەهۆڵ و زوڕنایان نەهێشت. دیسان ئێمە بە گابۆر بردمانە سەر، ئەمساڵ وا شوکور بە کەیفی خۆمان سەیران ئەکەین و نەورۆز و مەلوود کەوتوونە مانگێك. مەولوودیش لە عەینی ڕۆژدا ئەخوێنین. ئەمە من ونەورۆز!**

بنکەی ژین
www.zheen.org

---

**(بڕوانە: لە بەڵکەنامەکانی جووڵانەوەی شێخ مەحموودی حەفید، بەشی یەکەم، گۆڤاری "ژین"، سلێمانی، ژ٢، ئەیلوولی ٢٠١٠، ل٢٠٩).**

## (٢٣)
## ئاوات[٢٣]

بولبول بەهارە، شەتاو بەهارە
بانگ ئەکەن ئەڵێن: بەهرەی بەهارە
ئارایشی دا بە هەردە و کۆهسار
خەملی لە گوڵدا دەشت و بەر بنار
نەورۆز ڕۆژی نەو لەنێو جیهاندا
ژینی دابەش کرد بە کوردستان‌دا
درێغ بەهاری من ئەمە نییە
گەزۆ بەسەر چوو، گوڵ کەڵکی چییە؟
ئەمەوێ خاکی کوردستان یەکسەر
گوڵی گیاندارمان بۆ بێنێتە بەر
لاوان وەك لاولاو دەئاڵێنە دار
بۆ خاکیان ببنە پەرژینی گیاندار
ئەوسا کوردستان ئەبێ بە باغێ
خوێندن تیا ئەبێ یە شەوچراغێ

[٢٣] ژین، ژ٧٣٩، ١٨ی نیسانی ١٩٤٤.

(٢٤)

## نەورۆز و مەولوود[24]

وا نەمردین، ئەمساڵیش ئاگری نەورۆزمان کردەوە. دوێنی کە سەری ساڵی تازە بوو، ئێمە لە پێرێوە دارمان لەسەر (گردی یارە) هەڵچنیبوو، ئەوەندەی سەرکردەکانی لەشکری ئەڵمان، هەر برێکمان دائەنا بە نییەتی قوماندانێك! برێکی چەوتوچەوێڵی سەختی قەڵبی پرقەڵبەمان ناو نا "هیتلەر"، نەوتمان بەسەردا کردو ئاگرمان تێ بەردا، گڕی سەند. وەکوو چەرەدووکەڵی ئاهی رۆڵەکوژراوان تەپەدووکەڵ بەری ئاسمانی گرت، قرچەقرچ سووتاو کوڵوکۆی دامرد. کوڕگەڵی کورد بە ئاوازەی دەهۆڵ و زورناوە کردیانە هەڵپەڕکێ و شایی، گەڕانەوە ماڵی پیرەمێرد. دوو کیلۆیێ نەڕووز و چای مورادیان خواردەوە.

ئەنجا ماوەتەوە سەر سەیرانەکەی کە هەموو ساڵێك پیرەمێرد کردوویە؛ یەکەم لەبەر ئەوەی کە هەموو مەئمووریێك بتوانێ بێت، خستمانە ڕۆژی جومعە. دووەم، چونکوو دوای نەورۆز سێشەشە و لە ڕێیا هەیە باران بباریێ و ئەمساڵیش زستان گەڕاوتەوە و ساردە. ڕۆژی جومعەی دوایی کە ٣٠ی مارت و ١٦ی مانگی دوای

---

[24] ژین، ژ٧٧٩، ٢٢ی ئاذاری ١٩٤٥، ل١.

مەولوودە، دامان نا بە ڕۆژی سەیران و پێشەکی قەول‌وبڕی هەزارو پێنجسەد نانمان لەگەڵ نانەواکان کردووە و هەر نانێ پێنج یاپراخیشی لەناوایەو دوازدە سەماوەریش بەپێی دوازدە مانگەی ساڵ ساز ئەکرێ، چایی بەسەر یاپراخا، چونکە ئیستیمدادی خۆشیی ساڵی تازەمان لە گیانی پێغەمبەرە خۆشەویستەکەمان کردووە، هەر لەو شوێنە مەولوود ئەخوێنینەوە، گوێزەبانەی وەك ساڵانیشی لەگەڵە. مەحموود ئەحمەد[٢٥] لە کۆیێ؛

---

[٢٥] مەحموود ئەحمەد: ١٩١٧ لە ڕواندز لەدایك بووە. خانەی دێهاتیی مامۆستایان (دار المعلمين الريفية)ی بەغدای تەواو کردووە. ١٩٣٧ لە قوتابخانەی (خالیدییە)ی سلێمانی دامەزرێنراوە. پاشان گواستراوەتەوە بۆ قوتابخانەکانی ماوەت، چوارتاو دیسان خالیدییە. ١٩٤١ لەبەر چالاکیی سیاسی، لە وەزیفە دەر کراوە. ١٩٤٢ کراوەتەوە بە مامۆستا لە قوتابخانەی گۆیژە. ١٩٤٤ وەزیفەی بەجێ هێشتووەو ڕووی کردووەتە ڕۆژهەلاتی کوردستان، تا ڕووخانی حکوومەتی میللیی کوردستان لە مەهاباد ماوەتەوە. براوەتەوە سەر مامۆستایی لە (گوڵپ). ١٩٤٩ بە فورمانی وەزاری لە وەزیفە کراوەتە دەرێ. وا ماوەتەوە تا لە ١٩٥٦دا بە تێکەوتنی شێخ لەتیفی حەفید خراوەتەوە سەر وەزیفەو کراوە بە ئەمینی کتێبخانە. جارێکی دیکە گیراوەو ماوەی ٤ ساڵ زیندانی بۆ بڕدراوەتەوەو نێردراوە بۆ بەندیخانەی ڕومادی. پاش ١٩٥٨/٧/١٤ بەر دراوەو بووە بە تێبینی خۆیی (ملاحظ الذاتية) لە مەعاریفی سلێمانی. ١٩٥٩ بەشداری فیستیڤاڵی لاوانی جیهان بووە لە ڤیەننا. ئەندامی یەکەم کۆنگرەی مامۆستایانی کوردیش بووە لە شەقلاوە. ١٩٦١/٩/١٧ بە نەخۆشیی دڵ کۆچی دوایی کردووە.

مەحموود ئەحمەد بە ناوی "ئازاد"ەوە لە ڕۆژنامەی "ژین"دا نووسیویە. ئەم بەرهەمە بڵاوکراوانەی هەن: ١) ئادەمیزاد لە سایەی دەرەبەگیدا، ١٩٤٥. ٢)

وا سەرلەنوێ زەمین و گوڵ و گیا ژیایەوە
بەفر و سەهۆڵ و هەڵمەتی سەرما بڕایەوە
خوا بکا هەوای گوشایشی ئەم خاکە بێتەوە
ئەم ئاگرەیش بە ئاوی نیسان دامرێتەوە

بنكەی ژین
www.zheen.org

---

گوڵاڵە، ١٩٤٥- ئەم دوو کتێبەی لە چاپخانەدا دەستی بەسەردا گیراوە. ٣) جوان. دەستنووسەکانی: ١) کاخی ڕۆژگار. ٢) خەرامان. ٣) وەرگێڕدراوی (یاداشتی ڕۆژانەی نائیبێ لە لادێ)ی "تۆفیق حەکیم". ٤) وەرگێڕدراوی (مغامرات مستر بیکویك)ی "چارڵز دیکنز" (محمد فریق حسن، لە مامۆستا بەنرخەکانمان محمود احمد، گۆڤاری "دەنگی مامۆستا"، سلێمانی، ژ١، ساڵ ١، شوباتی ١٩٧١، ل١٥، ١٩-٢٠).

(٢٥)

## ئافەرین بۆ دەستەی کوڕگەلی قەڵادزە[٢٦]

بە ناوی "هاشم دڵشاد"ەوە، کە یاخوا هەمیشە دڵشاد بێ، لە قەڵادزەوە نامەیێکمان وەرگرت. ئەڵێن ئێمە لاوانی قەڵادزەو پشدەر، بە سەرپەرشتیی طاهیر ئەفەندیی مودیری مەدرەسە و مامۆستایان، کەوتینە تەدارەکی جەژنی نەورۆز، پارەیێکی باشمان لەناو خۆمانا کۆ کردووەتەوەو تەدارەکی دەهۆڵ و زوڕنا و تار و دار و گوێزەبانە و خواردەمەنیمان کردووە، لەسەر (گردی حوسنی)[٢٧] کە گردی یارەی لێوە دیارە، تێکڕا یەکدڵ و یەکپەیمان جەژنی باووباپیرمان ئەکەین و نەورۆزنامەیێکی جوانی نووسیوە کە قوتابییە دەنگخۆشەکان بە ئاهەنگێکی کە بۆ ئەو وەزنە ئەزیبێ، ئەیخوێننەوە:

www.zheen.org

---

[٢٦] هەمان ژمارەی پێشوو، ل٣.

[٢٧] گردی حوسنی: ئەو گردەیە کە "حوسنی بەگ"ی یەکەم قایمقامی دەوڵەتی عوسمانیی لە قەڵادزێ، بە پیلانی ئاغایانی میراودەلی، لەسەر کوژرا (بیرەوەریەکانی ئەحمەدی حەماغای پشدەری، ئامادەکردنی عبدالرقیب یوسفو سدیق ساڵح، سلێمانی، ٢٠٠١، ل١١٠؛ سدیق ساڵح، هەڵبژاردەیەك لە بیرەوەریەکانی ئەحمەدی حاجی عەباس ئاغای پشدەری، گۆڤاری "پەیڤین"، سلێمانی، ژ٣، ئۆگۆستی ١٩٩٨).

**پێنجخشتەکیی دڵشاد بۆ ئاهەنگی نەورۆز**

یاران وەرن تەماشا کەن
بە وردی سەیری صەحرا کەن
پیرۆزی ڕۆژی هیوا کەن
زەمزەمەی بەرزی بەرپا کەن
نەورۆزە کاتی شادییە

کانی هەموو ژیایەوە
بە لەنجەو لار بووژایەوە
فەرشی سەوز ڕاخرایەوە
زەوی وەك بووك ڕازایەوە
نەورۆزە کاتی شادییە

شیو و نزار و دەشتودەر
بەرگی نوێیان کردوەتە بەر
چیا لە داوێن تاکوو سەر
گوڵە و وەنەوشە و سیسعومەر
نەورۆزە کاتی شادییە

قەصدی دڵشاد لەم شیعرانە
مژدەی دڵخۆشییی یارانە
تکاکاری لای یەزدانە

www.zheen.org

به هیوای بەرزیی کوردانە
نەورۆزە کاتی شادییە

نەشیدەکە زۆرە، هەموویش جوانە، ئاخ جێی نەبوەوە، بەرخواردار بن لاوانی قەڵادزەو پشدەر، سەرەتای جەژنی میللی لە ئێوەوە داهات، یاخوا هەروا لە پێشەوە بن.

بنکەی ژین
www.zheen.org

## (٢٦)

## سەیرانی نەورۆز و هاتنی میستەر "ئەدمۆندس"[٢٨]

دوێنی کە چوارشەممە بوو و ڕۆژی سەیران، سەرلەبەیانی دوازدە خێوەت لەسەر (کارێزی شەریف) بەر (گردی یارە)دا هەڵدرابوو و سەیرانکەرانیش پەیدەرپەی ئەهاتن. ئەو دەشتە پڕ بوو لە ئاڵووڵا، مەڵبەندی جنسی لەطیف دەشتەکەی بەر گردی یارە بوو. ئەو دەشتە هەروەکوو بە گوڵ و گوڵاڵەی بەهاری ڕازابوەوە، بە گوڵ و گوڵغونچەی بانوان و گەورەکیژان بووبووە تەماشاگاهێکی گیاندار.

سەعات یازدەی ئینگلیزی سەعادەتی میستەر "ئەدمۆندس"* و "مەعرووف جیاووك"**ی موتەصەڕیف هاتن، "ئەدمۆندس" چووبوە سەر شاخی گویژە، وەکوو "پیرەمێرد" وتوویە:

---

[٢٨] ژین، ژ٧٨١، ٥ی نیسانی ١٩٤٥، ل١.

* سیسیل جۆن ئەدمۆندز: (١٨٨٩-١٩٧٩/١٠/٢٦)، زامستگەی کامیریجی تەواو کردووە. ١٩١٣ بووەتە جێگری قونسڵی بریتانیا لە بووشەهر، ١٩١٥ هاتووەتە میزۆپۆتامیا وەك یاریدەدەری سێر پێرسی کۆکس، ئەمجا یاریدەدەری حاکمی سیاسی لە عەمارەو شووقی شیووخ. ١٩١٩ چووەتە ئێران، بووە بە یاریدەدەری حاکمی سیاسیی خووزستان. ١٩٢٢-١٩٢٥ ڕاوێژکاری سیاسیو موفەتیشی ئیداری بووە لە سلێمانیو کەرکووك. ١٩٢٥ کراوە بە ئەندامی وەفدی عیراق-

بریتانیا له لیژنەی لێکۆڵینەوەی کۆمەڵەی نەتەوەکاندا بۆ بەلاداخستنی کێشەی کوردستانی جنووبی. پاشان بووە بە یاریدەدەری یەکەمی ڕاوێژکاری وەزارەتی ناوخۆ. ١٩٣٢-١٩٣٥ خراوەتە وەزارەتی دەرەوەی عیراق. ١٩٣٥ کراوە بە ڕاوێژکاری وەزارەتی ناوخۆی عیراق. ١٩٤٩ خانەنشین کراوە. ١٩٥١-١٩٦٧ دەرسبێژی کوردی بووە لە ئەنستیتووی لێکۆڵینەوەی ڕۆژهەڵاتیو ئەفریقاییی زانستگەی لەندەن. چەند کتێبو لێکۆڵینەوەیەکی سەبارەت بە کورد هەیە (تۆفیق وەهبیو ئەدمۆندس، فەرهەنگی کوردی- ئینگلیزی، چ٢، سلێمانی، ٢٠٠٣، ل١١).

** مەعرووف جیاووك: کوڕی عەلی ئەسغەر کوڕی حاجی مەولوود ئەسعەد بەدیعوززەمانە، ١٨٨٥ لە بەغدا لەدایك بووە. لە حوجرەی دینییەوە دەستی بە خوێندن کردووە. خوێندنی حقووقی لە ئەستەموولو ئەمجا بەغدا درێژە پێ داوە تا پۆلی سێیەم- ١٩١٣. بووەتە بەڕێوەبەری ناحیەی دێرزوور لە سووریە. ١٩١٢ ڕۆژنامەی "الحقوق"ی بە تورکیو عەرەبی لە بەغدا دەر کردووە. ١٩١٣کراوە بە یاریدەدەری بەڕێوەبەری خانەی مامۆستایان لە بەسرە. کە سوپای ئینگلیز لە ١٩١٤دا بەسرەی گرتووە، بە دیلی براوەتە بۆرما تا ١٩١٩. دەستی بە خوێندنی حقووق کردووەتەوە لە بەغداو ١٩٢٠ تەواوی کردووە. بووەتە پارێزەر. ١٩٢٣ بە دادوەری دادگای سوڵحی کەرکووك دامەزرێنراوە. پاشان بە دادوەری براوەتە بەرودوا هەولێرو دیوانییەو مووسڵو دەلتاوەو کووتو موسەییب. ١٩٢٨ بەنائیبی هەولێر هەڵبژێردراوەو بووەتە جێگری سەرۆکی پەرلەمان تا ١٩٣٠/٣/٢١. ١٩٣١ براوەتەوە سەر وەزیفە بۆ دادگاکانی کەربەلاو کەرکووكو حلە. ١٩٤٤ کراوە بە موتەسەڕیفی سلێمانی تا مارتی ١٩٤٦، بەڕێوەبەری گشتیی ئینحیساری تووتن تا کانوونی دووەمی ١٩٤٧. دوادواییەکانی تەمەنی، تووشی نەخۆشی هاتووە، تا لە ١٩٥٨/١/٢١دا لە بەغدا کۆچی دوایی کردووە.

www.zheen.org

**که دەڵێن ئەمڕۆ دەشت و کێو شینە**
**چەندە مەڵبەندی ئێمە شیرینە**
**بچۆرە سەر گردی یارە ببینە**

**لەویٚ گەڕایەوە، بە دەهۆڵ و زوڕنا چووین بەپیریەوە و خۆش-ئامەیی کرا و لەپێش هەموو چشتێکدا سەلام و نەشیدەیەکی مەلەکی بە مۆزیقە، ئەنجا مەنظەرەیێك و دیمەنێك و شێوەییێکی ڕۆحی کوردیی وای پیٚ نیشان درا کە بەڕاستی زنجیرەی ژیان و مەوجوودییەتی هەموو کوردستانی ئەنواند. ئەو کچە هەرە وردانە جلی پەریانەیان لەبەردا بوو، بە ئاوازە و سروودێکی فریشتەییەوە ئەسترانی کوردییان ئەخوێند و کوڕە بچکۆلەکانیش وەك لاوکی (قەر و گوڵەزەرد)[29] بۆیان ئەسەندەوە. ئەمە نەغمەییێکی ڕۆحانی بوو،**

بنکەی ژین
www.zheen.org

---

مەعرووف جیاووك نووسەرێکی توانای بوێر بووە، بەرهەمەکانی بریتین لە کۆمەڵێك کتێبو نووسین (د. ئازاد عوبێد ساڵح، ڕۆڵی سیاسیو کارگێڕیو ڕووناکبیریی مەعرووف جیاووك ١٨٨٥-١٩٥٨، هەولێر، ٢٠١٢، ل١٣-٣٢).

[29] قەر و گوڵەزەرد یا گوڵەزەر: بەیتێکی فۆلکلۆرییە، چیرۆکی خۆشەویستیی قەری کوڕی فەرەجوڵڵاخانی حوکمداری ناوچەی سندووسو گوڵەزەری کچی حەمەدی باشاغای سەرۆکی خێڵی ئاکۆ دەگێڕێتەوە؛ گوایە ئەمە لە سەردەمی شەڕی (قەڵای دمدم)دا بووە، واتە نێوان ١٦٠٨-١٦٠٩، بەڵام دواجار بەیەك نەگەیشتوون. قەر، بەپێی گێڕانەوەی ناوچەی هەولێر، کوڕی برایم پاشای خەڵکی مەملەکەتی قەزەرو گوڵەزەر کچی حەمەی باشاغای شێخ مەمودیانە لە هەولێر. گێڕانەوەیەکی دی، قەری تێدا کوڕی شاعەباسی قەجەر (سەفەوی)یە.

ئەچەسپییە دڵەوە. دوای ئەوە دەستەییێکی تری کچە کوردان هەریەکە لە بەرگ و پۆشینی شوێنێکدا خۆیان ڕازاندبوەوە، یەکێ جلی کچە بەغدایی، یەکێ کەرکووکی، کۆیی، هەولێری، جزیر و بۆتانی، بادینان، کەنیشکە جاف و هەمەوەندی، هەرچی شێوەی کوردستانییە، بەو ڕەنگە نمایشێکیان کرد و دیسان بەو دەستوورە هەڵپەڕکێ و ڕۆینیێ هەموو تیرەییێکیان پێ نیشان داین.

هەزاران ئەفەرین بۆ ئەو مامۆستایانەی کە ئەم فکرەیان کردوەتەوە و ئەم تەرتیب و ئینتیظامەیان نواند. باوەڕ بفەرموون چونکوو تا ئێستا ئەم هونەرەم لە هیچ شوێنێکی کوردستاندا نەدیوە، وەك تازە سەرلەنوێ هاتبمەوە جیهانەوە، ئەمەندەم لەلا خۆش بوو. یاخوا لاوە هونەرمەندەکان، "صاڵح ئەفەندی"و

بنکەی ژین
www.zheen.org

---

مامۆستا عەبدوڕڕەقیب یووسف ساڵانی هەشتا بۆی دەر کەوت بەسەرهاتی ئەم جووتە عاشقە ڕاستەقینەیەو گۆڕیان لەناو (گۆڕستانی قەرو گوڵەزەر)ی دێی (پڵنگان)ی ناوچەی ڕانیەدا بووە، کێل‌و پێسك‌وپرووسکی دۆزینەوەو دووبارە گۆڕی بۆ هەڵبەستنەوە. داوتر چەند دەقێکی جیاوازی بەیتەکەی کۆ کردەوە. ساغکردنەوەی ئەم چیرۆکی دڵدارییەی بە کتێبێك ئامادەی چاپ کردووە (عەبدوڕڕەقیب یووسف، داستانی قەرو گوڵەزەر، دەستنووس).

جێی وتنە، کاتی خۆی ئۆسکار مان دەقی ئەو بەیتەی پەیدا کردووەو نووسیوەتەوە (بڕوانە: تحفۀ مظفریە، بەشی دووەم، پێشەکی‌و ساخکردنەوەو هێنانەوە سەر ڕێنووسی کوردی هێمن موکریانی، کۆڕی زانیاری کورد- بەغدا، ١٩٧٥، ل٢٧٧-٣٠٧).

ڕەفیقەکانی، بەخوردار بن. مودیری مەعاریفیش بەختیارە کە ئەم دەستە مامۆستایانەی پێ گەیاندووە.

ئەنجا شیعر و قەسائیدی ئەدەبی و موسیقەی مەکتەب هاتە مەیدان. گۆرانیی کوردی بە عوود و کەمانەوە، ذەوقێکی ڕۆحیی بەخشی. دوای ئەم قووت و قووەتی ڕۆحە، هاتینە سەر ئیشتیهای نەفسانی؛ دە بریانی، دە مەنجەڵ پلاو، دە مەنجەڵ دۆکوڵیو و پێنج مەنجەڵ قەزاتمە و شەش پەردەپلاو. خۆ وەکوو لە نوسخەی پێشوودا نووسرابوو، هەزار و پێنجسەد نان، هەر نانێ پێنج یاپراخ و پێنجصەد نوێردوو حەڵوا و دوازدە سەماوەریش چای و بۆ تامی سەر ئەوانیش پورتەقاڵ. سا هەر ئەوەی خۆش بوو دای کردە باران.

لەو بارانەدا کە هاتنەوە بۆ ناو شار، دەستەی مونەووەر و موتەفەکیری کورد کە بە (ئۆنوور) * و شەرەفی کوردستان ئەژمێررێن، بە گۆرانی و چەپڵەڕێزان چوونە بەر ماڵی موتەصەڕیف، بە شیعری جوانەوە دووبارە حیسسییاتی قەومییەی خۆیان بەیان کرد و جیاووك هاتە ناویان و بەدڵ و زبان ستایشی کردن و ئێمەیش هیوامان پەیدا کرد کە ئەم دەستەیە ڕابەریی کورد ئەکەن و ئەیانگەیێننە سەربڵندی.

---

* ئۆنوور: وشەیەکی لە بنەڕەتدا ئینگلیزییە honor، پەڕیوەتە ناو زمانی تورکی، واتە کەرامەت و مەردایەتی، شان‌وشکۆ.

ئەمڕۆیش سەرلەبانی جونبوشێ کەوتە شارەوە، وتیان میستەر "ئەدمۆندس" کە بۆ دوعاخوازی و ماڵئاواییی ئێمە هاتووە، ئەڕواتەوە. بەجارێ ورد و درشت ئەهلی شارەکە کۆ بوونەوە، هەر لە بەرماڵی موتەصرِیفەوە تا (موشیراوا)* دوو ڕیز ڕاوەستابوون، بە چەپڵەڕێزان و بەخواسپاردون ڕەوانەیان کرد. ئەویش بە خەطابەی کوردی بەیانی منەتداری و شوکرگوزاریی کرد. دەستەییێکیش لە ڕەفاقەتی موتەصەڕیفدا، تا دەربەند [ی بازیان] ڕەوانەیان کرد. لەڕێ لە (بیبیجەك)** شێخ مەحموود*** خێوەتی بۆ هەڵدابوو. هەموو پیاوماقووڵانی ئەو دەورە بەرەوپیری هاتبوون، بریانیی بەرخ و نان و خوانێکی ڕێكوپێك ، ئیکرام و ستایشێکی ملووکانە. لەوێ میستەر "ئەدمۆندس" خۆی فۆطـۆغراف گرتن، وەك ئەو وێنەیە، ئەم میواندارییی خۆشەویستییە لە دڵی ئەوا نەخشی بەست. بەم ڕەنگە بە خوامان سپارد.

بنکەی ژین
www.zheen.org

---

* موشیراوا: دەشتی جێی جادەی سەهۆڵەکەی ئێستای ناوشاری سلێمانی‌یە، بە ناوی موشیر ئیسماعیل پاشای سەرکردەی ئەو هێزەی عوسمانییەوە کە ١٨٤٦ هاتە سلێمانی‌و ئۆردوەکەیی لەو ناوە دامەزراند، پاش ڕووخانی میرنشینی بابان کرایە یەکەم قایمقامی عوسمانی لە شارەکە.

** بیبیچەك: دێیەکی سەر ڕێی ئێستای ناوچەی بازیان.

*** شێخ مەحموود: مەبەست شێخ مەحموودە حەفیدە کە ئەو ڕۆژانە ناچار کرابوو لەدوای ١٩٤١ بەدواوە لە دێی (داریکەلی) دابنیشێ.

ها ئەوەم لەبیر چوو، بیست دیناریشی نارد بۆ هەژارەکانی (دار الایتام)* . ئەمە نیشانەی دڵسۆزی و یەکجیهەتی و دڵنەوایی‌یە، کە ئێرەی لەبیر ناچێتەوە.

بنکەی ژین
www.zheen.org

* دار الایتام: هەتیوخانە، کە دائیرەیەکی حکوومەتی بوو، منداڵانی هەتیوی تێدا بەخێو دەکران.

## (٢٧)
## دەستووری سەیرانی گەل[٣٠]

ئەم بەزم و شایی و ئاهەنگە، خوا لێمان تێك نەدا، نەورۆز و پیرۆزیی هەموو ساڵێکە. لە شەرەڤ "جیاووك"دایە و هەرچی لەم خاکەدایە یەکسەر بەشدارەو هەرچیش لەلاوە دێت، میوانە پێڵاوی لەسەر چاوانە، لە خۆمان لەپێشترە. شوێن سەیران گردی یارەیە، سەرنیگای پیرەمێرد و کارێزی شەریفە، مەڵبەندی جوانان سەر گردەکە. شێخ حەفصە[*] و دەستەودائیرەی خۆی! دەورانی دەوری گردەکە هەوارگەی جینسی لەطیفە، کەچنەظەر و گەجەروگوجەر و خودسەری تێکەڵ نابێ.

بەم بەر گردەکەی یارەوە تەختایی‌یەکە، دەستەی دیوانی لە صوحبەتی موتەصەریفدا و لەپشت ئەوانەوە لاوانی خوێندەواری

---

[٣٠] ژین، ژ٧٨٠، ٣٠ی ئاذاری ١٩٤٥، ل٤.

[*] شێخ حەفصە: (١٨٩١-١٥/٤/١٩٥٣)، حەپسەخانی کچی شێخ مارفی نەقیب، ئافرەتێکی هەڵکەوتووی کۆمەڵایەتیی کوردپەروەر بووە. دەستی لە کردنەوەی قوتابخانەی زانستیی ئافرەتان‌و خزمەتی لێقەوماوان‌و هەژاراندا هەبوە (سدیق ساڵح، لە بەڵگەنامەکانی جووڵانەوەکەی شێخ مەحموودی حەفید، بەشی یەکەم، گۆڤاری "ژین"، ژ٢، ئەیلوولی ٢٠١٠، ل١٧٩).

هەموو مەکتەبەکان کە ئەصڵی زینەیی بەزم و خۆشیی سەیرانەکەن، هونەری خۆیان ئەنوێنن، پرۆگرامی ئاهەنگی ئەوان جزوییە.

لەپێش دەمی مەجلیسی موتەصەرپیفدا مەولوودی شەریفی لێ ئەخوێنرێتەوە، مەولوودەکە دوای جومعە دەست پێ دەکرێ، بۆ ئەوەی مەلاکان لە جومعە بێنە دەرێ. دەستەی ئەشراف و توجاڕ لە ڕیزی دیوانیاندان. ئەنجا ئەمێنێتەوە خۆمان هەر لە سنووری سەددەکەوە تا ڕێی (هومەرەکوێر)* ، دەستە دەستە، هەر کەسە صنفی خۆی بۆ دادەنرێ و نان و یاپراخی خۆی دێتە بەردەمی، هەڵپەڕکێ بە نۆرەیە، دەهۆڵ و زوڕنا گاهێ بۆ پیاوان و گاهێ بۆ ژنانە. شاباش نییە. جارێ بڕای بڕای لە ژنان شاباش ناسێنرێ. پیاوانیش مەگەر بۆ بەرزەکێ و کوڕێنیی خۆیان کە شایەر گۆرانییان پیا هەڵدا، ببەخشن، ئەگینە پارەی دەهۆڵ و زوڕنا پیرەمێرد پێشەکی داویە، هیچ کەسیش نابێ خواردەمەنی و سەماوەر و چا بێنێ.

www.zheen.org

---

* هۆمەرە کوێر: شوێنێکی شاری سلێمانی، پاشتر بوو بە گەڕەك.

(٢٨)

## نەورۆز[٣١]

وا ئەم پێنجشەمموەمان لەگەڵ زستان بردە سەر، ئەو پێنجشەمموەکەی تر سەرلەبەیانی سەعات دووسێ و هەشت دەقیقە و ٤٨ پانیە ڕۆژی تازەی ساڵی تازەیە، کە نەورۆزی پێ ئەڵێن، ئێمە وەکوو هەموو ساڵێ بە یادگاری باوك و باپیرو پیشەی کوردەواری جەژن و سەیرانمان کردووە.

ئەمساڵیش لەسەر گردەکەی یارەی سەرنیگا و کۆڕی پیرەمێرد، ڕێی بەختیاریی ساڵی ئاینده ڕووناك ئەکەینەوە و سەیرانەکەیشی ئەخەینە ڕۆژی جومعەیێکی خۆشی بێباران. جیاووك پار ڕەونەقێکی دابوو بە سەیرانەکە، ئەمساڵ تەنها بە صیفەتی جیاووکی چاوەڕێیی ئەکەین سەرپەرشتیی ئەم سەیرانەی کوردەوارییە بکا، بێ ئەو ناخۆشە.

جیاووك تا بە موتەصەڕیفی لێرە بوو، نانی کەسی نەخوارد. ئەمجارە کە خۆمانە دێت، خۆم و خۆی بەیەکەوە ڕائەبوێرین.

---

[٣١] ژین، ژ٨٢٢، ١٤ی ئاذاری ١٩٤٦، ل١.

## (٢٩)

## ڕۆژی برایی[٣٢]

خوای جیهانئافەرین بە نەیڕەنگی پەروەردگای ئێمەی لە خاکی پاکی عیراق سروشت پێ داوە و لە میانەی عونصوری ئەم قەطعەیەدا سەروساخت و پەیوەندێکی بۆ داناوین، چ بە ڕوشتەی زەڕتاری ئایین و چ بە کردوکۆشی و دەرئامەدیی ژین، بێ یەکتری هەڵکردمان نابێ. ئەوانەی کە شارەزای ڕمووز و پێویستیی کۆمەڵی و ئیجتیماعیاتن، هەمیشە لەسەر ڕێی برایەتی و یەکجیهەتی ڕۆییون، تەفرە و تەفرەقەیان نەهێشتووە، ڕاست و ڕەوان یەکماڵ و یەکحاڵ برای نیشتمان بوون و دوو بەشی هەودای ئاشتی لە دڵپاکی و سەرڕاستیی کوردەوە دووباد کراوەتەوە.

چەندمان لا خۆش بوو کە ئەمجارەیش وەک پار لە قاعەی مەلیک فەیصەڵدا بە پیرۆزیی جەژنی نەورۆزی کوردی، برا عەرەبەکانیشمان تێکەڵ بوون و جەژنی ئێمەیان بە هیی خۆیان زانی. خوا ڕەوای بینی، ئەم یەکێتییە هەر ناڕەوایی و ناسزاییێک کە دەربارەی کورد کرابێ، هەمووی لەناو دەر برد و چوغوڵی و دووزبانی و دەغەڵیی بەدکارانی بەگڕی ئاگری نەورۆز سووتاند.

---

[٣٢] ژین، ژ٨٢٣، ٢٨ی ئاذاری ١٩٤٦، ل١.

بنکەی ژین www.zheen.org

خۆزگە ئەمزانی ئەو ڕۆڵە هونەرمەندەی کە لەو ئاهەنگەدا ئەو خوطبە عەرەبیە جوانەی دابوو، کێ بوو؟ هەر کەسێ هەیە ڕۆحی نیاکان* و باووباپیرانی کوردەواری لە ژوور سەریەوە بوو، هەر بەند و پەندێکی ئافەرینی لێ کردووە. بەڵێ، ئیلهام کە ئەڵێن ئەوەیە، خۆزگە وەکوو بەم جەژنە ئێمە دڵشاد بووین و دوابەدوای ئەوە جەژنێکی خۆشتری تەتویجی مەلیکی نەوبادی باغی هاشمی و سایەی سەری ئێمە دێتە پێش، عەفوێکی موجریمینی سیاسی دەکرا، گەلێ لە کوردی هەژار کە بە ناڕەزایی لە ڕەگوڕیشەیان داون و لەژێر زنجیری ستەمی سیاسەتدا ئەناڵێنن، ڕزگاریان ئەبوو. ئێمەیش بە ورد و درشت و پیر و ژیرەوە دوعای خێرمان دەکرد.

فەریادنامەییێکی هەندێ ڕۆڵەی کوردمان بۆ هات کە بە جورمی ناڕەوای سیاسی لە بەندیخانەی (حلله)** دا گیراون، ئینسان دێنێتە گریان، زۆر بە هیوای ئەو عەفوەین، خوا ڕێکی خا.

ژینکەی ژین
www.zheen.org

* نیاکان: باپیرە گەورەکان.

** حلله: شارێکی باشووری عیراق.

## (٣٠)

## نەورۆز[٣٣]

ئەم ڕۆژی یەکەمی سەری ساڵی تازەیە، کە باوەڕمان هەیە ئەو ڕۆژەیە کە خوا بناغەی ئەم جیهانەی تیا داناوە و بە چاوی خۆمان ئەیبینین کە زەوی و دارو درەخت و گیاو ئاو و هەوا لەو ڕۆژەدا ئەژییێتەوە و باووباپیرمان بە جەژنی نەورۆزیان داناوە، ئەمساڵیش بە خۆشی و دروستیی سەری هەموو قەومی کورد، ئاگری خۆمان تیا کردەوە و بە شەوقی ئەو ئاگرە ڕێی ساڵی ئایندەمان ڕووناك بووەوە. بەختیاری بوو من کە لەپاش ٢٦ ساڵ چەرمەسەری و ئاگرکوژاندنەوە و ڕیٚلێبەستنی بەدکاران، گەیاندمە ڕۆژێك کە بێ ترس و پرس لە هەموو لاییێکەوە ڕۆشناییی میللەتەکەم بینرا. یاخوا بەرخوردار بن لاوان و خوێندەوارانی نیشتمانپەرستان و ڕۆڵەی نەبەردی مەکتەب گەلێ لە منیان تێ پەڕاند. ئەو شەو و ڕۆژە بە عەزم و بەزم و ڕەزم و ئاهەنگەوە لە مەکتەبدا حەفلەییێکی بە ئەدەب و ئاداب و لەسەر گردی یارە بە دەهۆڵ و زوڕناوە لە دەوری ئاگری نەورۆز هەڵپەرکێ و جونبوشێکی نایابیان دەکرد.

---

[٣٣] هەمان ژمارەی پێشوو، ل٢.

www.zheen.org

خۆ هێجگار جووتە بولبولی گوڵزاری کوردستان "ڕەشۆڵ"* و "مەحموود"** ، یاخوا لە چاوی بەد بەدوور بن، بە هەموو بەندو گۆرانی و بەستە و قەتار و خاوکەر و لاوکی کوردی ئاهەنگێکیان کرد، سوێند ئەخۆم لە هیچ شوێن و قەومێك و دیارێك وە بەڵکوو لە فریشتەی عالەمی بالاً بەسۆزتر و بەنەشئەتر و بەتەئثیرتر وێنەیان نەبوەو نایشبێ. دیتە ئەووەڵ بانگی بەیان بوو، ئەمەندە بە زەمزەمەو خۆش و خرۆش بوو، لە خۆشیانا منی هێنایە گریان. ئیتر چاوم لە دوای خۆمەوە نەماوە. ئەم جەژنە وا پێنج بەست بۆ ئەم ئاگرە ئاگری بەست، ناڕووخێ و ناکوژێتەوە و لە سایەی حکوومەتی خۆشەویستی عیراق و مەلیکی تاجی سەرمانا، ئیتر بە تاوی حقووق و یەکدڵی و یەکجیهەتی ئەژین.

لە هەڵەبجە یەکەم جارە ئاگری نەورۆز کراوەتەوە وا ئەویشمان نووسی.

بنکەی ژین
www.zheen.org

---

* ڕەشۆڵ: (١٩١٢-١٩٧٤/٧/٤)، ڕەشیدی میرزا عەبدوڵلای حاجی ئەمینە، گۆرانیبێژێکی میلیی کوردپەروەری سەردەمی خۆی بووە. سالانی چل چەند گۆرانییەکی لە ڕادیۆی کوردیی بەغدا تۆمار کردووە (دیوانی شێخ نووریی شێخ ساڵح، بەرگی یەکەم، چ٢، ئازاد عەبدولواحید کۆی کردووەتەوەو ساغ کردووەتەوەو لەسەری نووسیوە، دەزگای ئاراس- هەولێر، ٢٠٠٨، ل٣٦١).

** مەحموود: بە مەحمموودی حەمەی لەیلێ ناسراوە، کوڕی محەمەد قادرە. هەرلەوەبەتر گۆرانیبێژێکی دەنگخۆشی میلیی ئەو ڕۆژگارە بووە، بەتایبەت لە کۆڕ و بۆنەکاندا گۆرانیی وتووە.

## (٣١)
## نەورۆزی هەڵەبجە[٣٤]

شەوی ٢١ی مارت کە یەکەم شەوی بەهارە، هەرچی شاگردانی دەبستانی هەڵەبجە هەیە، لەگەڵ ئەهالیی ناوشار گشتیان بەجارێ لە شار هاتنە دەرێ، ڕوویان کردە سەر گردەکەی (کانیی عاشقان)[*]. لەپێشیانەوە (٣) شمشاڵژەن و چەند گۆرانیبێژێك بە گۆرانی و چەپڵەڕێزان چوونە سەر گردەکە.

ئەنجا لەوێ (٤٠) بار دار و (٣) تەنەکە نەوت دانرابوو، شاگردێکی زانستی[**] لەگەڵ لاوەکانی هەڵەبجە ئاگری نەورۆزیان هەڵگیرسان و (٩) مەشعەلی تریش بە چوار لای ئاگرەکەدا داگیرابوو. تیشکی ڕووناکی ئەگەیشتە ئاسمان. بە یەکجار بووبوو بە کێوی (طوور)، لە چەند سەعات ڕێگەوە ڕووناکی و تیشکی ئەو ئاگرە ئەبینرا، بارانی ڕەحمەتیش پەیتا پەیتا ئەباری، بەڵام هیچ کەس باکی بارانی نەبوو. ئەنجا بە چوار لای ئەم ئاگرە پیرۆزەدا، گۆرانی و هەڵپەرکێ بە شمشاڵەوە دەست پێ کرا هەتا سەعات ٣ی شەو.

---

[٣٤] هەمان ژمارە، ل٢-٣.

[*] کانیی عاشقان: پاشتر بە هەمان ناوەوە بووە بە گەڕەکێکی شاری هەڵەبجە.

[**] زانستی: مەبەست قوتابیی قوتابخانەی ئەهلیی زانستیی سەر بە (کۆمەڵی زانستی کوردان)ە، کە ساڵانی ١٩٢٦-١٩٣٨ لەکاردا بووە.

لەپاشان هەندێ لە گەنجان وەکوو (شیهابی ثاقیب)* هەریەکەی بزووتێکی ئاگراوییان هەڵدا بە ئاسماندا و هەموو شایاطینەکانیان پێ ڕەجم کرد. ئەنجا بە شەرقی و گۆرانی هاتنەوە ناوشار. بۆ بەیانیش کە ڕۆژ بووەوە، هەموو گیانپاك و نیشتمانپەروەرێك نیشانەی گوڵەباغێك بەسەر سنگیەوە و لە خواریەوە نووسرابوو: جەژنتان پیرۆز بێ و هەر کە ئەگەیشتن بە یەکتر، جەژنە پیرۆزەیان ئەکرد، بە دڵێکی زۆر خۆش و شادییەوە ئەگوترا:

خوایە کوردستان جەژنی پیرۆز بێ
ڕۆژی ژیانی بێ گەرد و تۆز بێ

بەڵام سەیرانەکەمان نەکردووەو نزای پیری پیران گیرایە، بۆمان بپارێزەوە کە سەیرانەکەمان خۆش و بێباران بێ، شایی و زەماوەند بۆ گشت یاران بێ.

ژنگەی ژین
www.zheen.org

* شیهابی ثاقیب: ئەستێرەی پرشنگدار.

## (٣٢)
## نەورۆز لە هەولێر[35]

لە هەولێرەوە بە ناوی "مصطفا مەجید"ەوە مەقالەییێکی دوورودرێژ و پڕتام و لەذەتمان وەر گرت، ئەڵێ: یەکەم جەژنی نەورۆز لە هەولێردا زۆر بەزمزەمە و خۆشی بوو، تا ئێستا هیچ موتەصەڕیفێك ئەمەی زۆر بە کورد ڕەوا نەدیوە، وا ئەمساڵ موتەصەڕیفی ئەوێ ڕێی داوین هەموو لاوان و ئاغایانی عەشائیر بە سەرپەرشتیی "عاصم حەیدەری"* جەژنێکی ڕاستەقینەیان کردووە، خوا لێیان پیرۆز کا.

---

[35] هەمان ژمارە، ل٣.

* عاصم حەیدەری: کوڕی حەیدەر کوڕی عاصم حەیدەری یە، ١٩٢١/٦/١٩ لە هەولێر لەدایك بووە. بە منداڵی خراوەتە قوتابخانەو تا ناوەندیی لە هەولێر تەواو کردووەو لە خانەی زانست (دار العلوم)ی بەغدا وەر گیراوە، بەڵام لەبەر نەخۆشی نەیتوانیوە درێژە بە خوێندن بدا. لە ١٩٤٤-١٩٤٦ فەرمانبەری دائیرەی تەموین بووە. ئەو ڕۆژانە بووەتە ئەندامی ڕێکخراوی (شۆڕش)، لە ١٩٤٦یشەوە ئەندامی حیزبی شیوعیی عیراق. وەك هەڵسووڕاوێکی کارا نەخشێکی بەرچاوی لە چالاکیو خۆپیێشاندانەکاندا هەبوە.
١٩٤٨ گیراوەو حوکمی ٧ ساڵ زیندانو ٣ ساڵ دوورخستنەوەی بەسەردا دراوە. پێش ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ بەر دراوە. ئەوەبەدوا چووەتە ناو پارتی دیموکراتی کوردستانو کە باڵی هەمزە عەبدوڵلا لێی دراوە، لێی کشاوەتەوە. لە ١٩٦٣وە تا

بنکەی ژین
www.zheen.org

بنکەی ژین
www.zheen.org

کۆچی دواییی لە ١٩٧١/٧/٢٠دا فەرمانبەر بووە (بڕوانە:کەریم شارەزا، خەباتگێڕی پێشکەوتنخوازی کورد عاصم حەیدەری، گۆڤاری "K21، هەولێر، ژ١، بەهاری ٢٠٠٨، ل١٧٠-١٧١)..

(٣٣)

## شاییی نەورۆز[٣٦]

لە کۆیەوە "حیسامەددین نازەنینی" تەفصیلاتێکی ئاهەنگی نەورۆزی بۆ نووسیوین، جەدوەلێکی ناردووە کە چەند شاعیر شیعری خوێندوەتەوە و چەند دەستەی گۆرانیبێژ ئاهەنگیان گەرم کردووە و لەلایەکەوە بە دەهۆڵ و زوڕنا هەڵپەڕکێ و لەلایەکی ترەوە بە شمشاڵ و بلوێر بەیت و بالۆرەی باپیران و لاوکی کوردیی‌یەوە لەلایەن جەمال عیززەت چەلەبی‌یەوە نەشیدی عەرەبی بۆ برا عەرەبەکان. بەم ڕەنگە شایی میللییان کردووە.

ژین، بەم جۆرە پەیڕەوەی عەنعەناتی کوردی لاپەڕەی خۆی دەڕازێنێتەوە و "پیرەمێرد"یش بەم خدمەتەی کە ئەم حەماسەتەی تازە کردوەتەوە و بیست ساڵ هەوڵی داوە کە ناوی میللەتەکەی خۆی بەم شایی و سەیران و بریانی و بەرخ و شیرینی و دەهۆڵ و زوڕنایە بڵند کردوەتەوە، سەرلەنوێ جوان بووەتەوە.

خودای گشت قەومێك ئێمەیش لە ڕیزی گەلان و قەوماندا بحەسێینەوە و لە میانەی وەحدەتی عیراقییە و لە سایەی فوییووضاتی ئیسلامییە و شەرەفی خانەدانی هاشمیی نەوەی

---

[٣٦] ژین، ژ٨٢٤، ١١ی نیسانی ١٩٤٦، ل١.

پێغەمبەرەکەماندا حەقی مەشرووعی خوشگوزاری و بەختیاری و سەرئازادیمان بداتێ وا ئەم جەژنی بەهارەمان بۆ بەهاری زیندووبوونەوەیە. ((**یحي الارض بعد موتها**)).

بنکەی ژین
www.zheen.org

(٣٤)

## نەورۆز[٣٧]

"پیرەمێرد"یش سەیرانی خۆی کرد، دوای ئاگری نەورۆز کردیە شەست و ڕەهێڵە و تۆف و طـۆفانێك پیاو نەیئەتوانی لە ماڵ بێتە دەرێ تا بچێتە سەیران. دوایی بەشی ئێمە هەڵی-بڕوونگاند، تەنها ڕۆژێکی هەینی خۆش بوو، ئەویش سەرلەبانی ڕەشەبا هەورەکەی ڕەواندەوە تا ئێمە ئیشی خۆمان دی. دوای ئەوە وا دیسان هەوری لێك دایەوە، تێکی ترنجاند. کەیفی خۆیەتی، خۆ ئێمە کاری خۆمان بینی.

ئەمساڵیش هەروەکوو ساڵان بە دۆستی و یەك‌ماڵی و ئاواڵی، ئامر حامیە "کاظم بەگ" خێوەتێکی زۆری بۆ ناردینە سەر کارێزی شەریف، لەو سەر ئاوە ڕەوانە و چیمەنە جوانە بۆیان هەڵدابن و ڕەئیسی بەلەدییەی خۆیشمان هەموو تەدارەکی تری بۆ ڕێك خستین. ذاتەن شارەکەمان سەرمەستیی دوو نەشئەی ڕۆژی پێشتر بوون: یەکێکیان جەژنی تاجگوذاریی مەلیکی خۆشەویستمان، دووەمیان میوانداری و ضیافەتی وەزیری تازەی داخلییە. لەگەڵ ئەوانەیشدا، خۆشیی ئەمە کە وەك پار باران تەڕی نەکردین، ئیتر بە

---

[٣٧] هەمان ژمارەی پێشوو، ل٣.

ڕاستی ڕۆژێکی یەگانە، کۆمەڵێ کۆمەڵ بوو، دەهۆڵ و زوڕنا لە گردی یارەوە گرمەی گەرمی ئەگەیی‌یە گوێی یار و ئەغیار. ئۆف ئەو کچە کوردە بچکۆلانەیەی کە وەك فریشتەی ئاسمانی بە گۆرانیی کوردی و یاریی خۆش‌خۆش بە لەنجەولار بە بەردەممانا ئەهاتن و ئەچوون، ڕۆحێکی بەختیاری و سەربەرزیی ئایندەی کوردیمانی ئەبەخشی. بەمەی کە ئەم کچانە ئەبنە دایکی ڕۆڵەی نیشتمان و بە عیلم و فەن ئەمانخەنە پێشەوە، نەك بە هەراوهوریا، پیرەمێرد هونەری ئەمانەی ئەمەندە لا خۆش بوو، هەرچی لە گیرفانە دڕاوەکەیا بوو، کردی بە شاباشی ئەو کچانە. خۆ بریانی و هەموو نەوع طەعام و یاپراخەکە باسی ناکرێ.

بنکەی ژین
www.zheen.org

(٣٥)

## بەهاری من[٣٨]

مەولەوی شیعرێکی هەیە، ئەڵێ:

دڵتەنگی و بەهار، بێشەوقی و نەوگوڵ
مەلوولی و گوڵزار، بێذەوقی و بولبول
بۆی وەش نەسیم چون هەردەجاڕان
نمەد و نە کاخ دەماخ یاران
ئاخۆ نەی سەروەخت فەضای بەهاردا
کام تەم نەسەر هەرد قەضا دیار دا

بنكەی ژین
www.zheen.org

هەموو ساڵێ لەم دەمەوبەهارەدا وەك بولبول نەشئەی نەورۆزم ئەخوێند و تەدارەکی ئاگری سەر گردی یارە و سەیرانی کارێزی شەریف و هەزار و پێنجصەد نان، هەر نانێکی پێنج یاپراخ (٧٥٠٠)، دوازدە سەماوەر و دوازدە بریانی و گوێزەبانەی مەولوودم ڕێك ئەخست. وا ئەمساڵ ئاگری نەورۆز کەوتە جەرگ و دەروونمەوە، فتوام دا نەورۆز نەبێ. لە هەمووی بەئێشتر دڵشکستی ئەم منداڵانەی کە بە هەر کۆڵانێکدا ڕائەبوردم، شوێنم ئەکەوتن:

---

[٣٨] ژین، ژ٨٦٣، ٨٦٣، ١٣ی مارتی ١٩٤٧، ل١.

((حاجی تۆفیق، کەی سەیرانەکەمان بۆ ئەکەی)). دە جوابی ئەو ڕۆڵە شیرینانە چۆن بدەمەوە. خوای ئەو بێگوناهانە دڵمان خۆش کا، وەك دوو مەولوودم بە جارێ خوێند، دوو سەیرانیش دوابەدوای‌یەك بکەم.

جوولەکە بەر لە ئێمە "هامان"[*] ی کوشت، کەم کەس وەك من خۆشی ڕائەبوارد، وەك: "ئەحمەد کەواسپی" بە هەموو شاییی ئێڵەکەمەوە بووم. وا ئەمساڵ لە دیداری کوڕەکانم نائومێد و خوێش و قەومانم ئاوارەی بەید و دوور لە ماوا و زەید، غەزەلێکی "وەلی دێوانە"م بیرکەوتەوە، حەسەبحاڵی منە، وا هەنێکیم نووسییەوە:

یاران نەوبەهار
ئەمساڵ وەبەختم بێفەڕ نەوبەهار
ذەوقی زیندەگیم بوو بە ژاری مار
دنیا جە دیدەم چۆڵ و تەنگ و تار
هەر گوڵ بە ڕەنگێ سەر کێشا لە خاك

---

[*] هامان: ناوی وەزیری فیرعەونە لە سەردەمی مووسا پێغەمبەردا. لە مێژوودا بە نیشانەی خۆبەزل‌زانی‌و ملهوڕی دانراوە. جوولەکە، لەبەر ئەوەی زوڵمێکی زۆری لێ دیوە، ساڵانە لە ڕۆژێکدا کۆتەڵی بۆ دروست کردووەو سووتاندوویە (محمد جعفر یاحقی، فرهنگ اساطیر و اشارات داستانی در ادبیات فارسی، ص٤٤٤؛ احمد عزیز اغا، لەپاش مردن ڕەحمەت چاکە، ڕۆژنامەی "ژیان"، ژ٤٤، ٢ کانون اول ١٩٢٦- لە ڕۆژنامەی ژیان، یەکەم بەرگ ژمارە ١-٨١، ئامادەکردنی ڕەفیق ساڵح‌و سدیق ساڵح، دەزگای سەردەم- سلێمانی، ٢٠٠٢).

ئەوان گوڵخەندان، دیدەی من نمناك
هەر خونچە بۆ من بوو بە پەیکانێ
پەڕەی هەر گوڵێ خاری هیجرانێ
هەر لالە داخی بە صەد هەزار داخ
داخی نا لە دڵ حەسرەتکێشم، ئاخ
گوڵێ نەورۆز و لالە گەزیزە
سوورییان بە خوێن جەرگی ئازیزە
من ئەمساڵ بەهار شادیم ناشادە
نەورۆزم ناوێ، ڕەنجم بەبادە
ڕۆڵەی شیرین و گشت هاوماڵانم
تەفرو توونا بوون وەك خەیاڵانم
بەهارێ وەی طەور ئێڵم لێ دوور بێ
لەناو جەرگمدا گڕی تەندوور بێ
صەد خۆزگەم بە ساڵ نەوبەهار پار
لەگەڵ گەل و خوێش سەیرانی گوڵزار
بەهار ئەمساڵ جەستەم پەشێوە
کەس‌وکارەکەم نایێ لە ڕێوە

## (٣٦)
## نەورۆز[٣٩]

ئەو ناوە کە بۆ ڕۆژێکی سەری ساڵی تازە دانراوە و کوردیەکەی (ڕۆژی نویٚ)یە، زۆر کۆنە، لەگەڵ ئەم چەرخی ئەسمانەدا ئەسووڕێتەوە و لە هەموو دیاری ڕۆژهەلاٚتا ڕۆژی جەژنێکە کە خوا ئەو ڕۆژە ئەم ڕووی زەمینەی داناوە و لەو ڕۆژەدا هەموو دەورێکی دوازدە مانگەی فەلەك، زەوی و دار و دەرەخت و گژوگیا زیندوو ئەبێتەوە. ئەمە هەروەکوو خوا لە قورئانا بۆ پێغەمبەرە خۆشەویستەکەمانی گێڕاوەتەوە، بۆ ئەمەی لە ئێمەی بگەیێنیٚ و وەك بە گویٚ ئەیبییەین، هەروا بە چاویش ئەیبینین و بە لەشیش هەستی [پیٚ] ئەکەین [بە] هەوایێکی بەهاری ئەم زەمینە ئەژییێتەوە. ((یحي الارض بعد موتها))، حیسابی ئەو ڕۆژو مانگ و ساڵەیش دیسان خوا بۆی داناوین و لە (سوورەی یوونس، ئایەتی پێنجەم)دا فەرموویە: ئاسمان و بورجی و کەلووی و گەڕانی و دەوریمان دانا بۆ ئەمەی حیسابی ساڵی و مانگ و ڕۆژ بزانن. هەرچەندە ئەم باسی نەورۆزە زۆر جار لە غەزەتەی ئێمەدا و لە "گەلاوێژ"دا و لە زۆر

---

[٣٩] ژین، ژ٩١٠، ١٨ی مارتی ١٩٤٨، ل١.

تەئریخی شەرقدا نووسراوە، دیسان هەندێ جار لەبیر چووەتەوە و کردوویانە بە چشتێکی ناڕەوا. خۆ هێجگار ئاگری نەورۆزیان کردووە بە ئایینی زەردەشتی و ئاتەشپەرستی. جارێ ئەمڕۆ لە هەموو عالەمی مەدەنییەتدا دەر کەوتووە و کارتەکانی دۆزراوەتەوە و خوێندراوەتەوە و زانراوە کە مووەحید و خواپەرست بووە. دوای ئەوەیش خوا بەهۆی ئایینی ئیسلامەوە ناسراوە و لە جەهلی بتپەرستی و مانگاپەرستی و ئاتەشپەرستی و کڕنووش بەر عەبد بردن دەر چووین و هەموومان ئەوەندە هۆش و تێگەیشتنمان هەیە کە بزانین ئاگرێك کە خۆمان ئەیکەینەوە و ئەتوانین بە کاسەیێك ئاو بیکوژێنینەوە، چۆن بە خوای ئەزانین تا بتپەرستین. ئەم ئاگرکردنەوەی نەورۆزە کە لە پێشدا لەناو ئێمەدا باو بوو و ئێمە تاب و توانا و مەوجوودییەتێکی وامان نەمابوو کە هەموو ساڵێ ئاگری نەورۆزی نیشانەی ساڵی تازەی بکەینەوە و ئەو ڕۆژە بە جەژن بزانین و سەیرانی تیا بکەین.

کاتێ من لە ئەستەمبووڵ هاتمەوە و بە خۆشیخۆشییەوە ویستم ناوێك و نیشانێکمان بۆ پەیدا بووەتەوە و زبانمان بووە بە کوردی و مەئموورمان لە خۆمانە، ئەوەم بە جەژن زانی و هاتەوە یادم کە ئێمە هەموو ساڵێ جەژنێکی نەورۆزمان بووە و نەورۆزنامەیان بۆ نووسیوینەوە. بەو یادی گیانی باووباپیرەمەوە هەڵسام و ڕۆڵەی (زانستی)م پێش خۆم خست و لە گردی یارە شەو ئاگرم هەڵگیرساند و ڕۆژ سەیرانم کرد. ئەمە دەخڵێکی بە

ئاتەشپەرستییەوە نییە، هەموو ئەوەی ئەمناسیٚ ئەزانیٚ کە من موسڵمانم، خواپەرستم و بە هەواخواهیی هیچ دەوڵەتێك و حکوومەتێکم نەکردووە، تەنانەت دۆستێکی گیانیم لێرە قونسوڵی ئێران بوو، نەمهێشت بێتە سەیرانەکەم، نەك بڵێن ئەمە بە هەوای ئێرانەوەیە، هەندێکیش وتبوویان ئەمە بۆ ئینگلیز ئەکا! ئەمە لە کفری ئاتەشپەرستی کفرترە. ئینگلیز چ دەخڵێکی بە نەورۆزەوە هەیە، یاخۆ من کەی لە خوانی مووچەی ئینگلیز نیعەتخۆر بووم. خوا بیانگریٚ، خۆ ئەگەر پارەیشم وەرگرتبیٚ، خۆ بۆ جەژنی ئێوەو [بە] ناوی کوردەوارییەوە کردوومە بە شایی و سەیران بۆتان و من ئەم ناو و عەنعەنەی کوردەوارییەم بۆ زیندوو کردوونەوە. ئێستا فرۆفیشاڵی نادان و ناخوا بە هیچ ئەزانم. ئەمەویٚ عالەمی مەدەنییەت ئاگادار بکەم کە ئاگری یارەی ئێمە بۆ ئایینی ئاتەش-پەرستی نییە، بۆ ئەمەیە کە سەری ساڵی تازە ڕێی بەخت و شانسی میللەتەکەم ڕووناك بکەمەوە. خوا خێرمان بێنێتە ڕیٚ، باقڵ بەم جۆرەیش کە ئێمە دەستمان داوەتیٚ، هەر بیٚدەنگیی جارانمان باشترە، ئەگینە وا سەیران سەیرانە، هەر کەسە ئەتوانیٚ بۆ خۆی بچێتە سەیران، ئەم سەرانەیە چییە؟!

www.Ktebkhan.org

## (٣٧)
## نەورۆز یا سەیران[٤٠]

ئێمە لە ژمارەی پێشوودا نووسیبوومان نەورۆز ڕۆژی نوێی ساڵی تازەیە، لە هەموو مەڵبەندێکی کوردستان‌دا کرا و بڕایەوە. دوای ئەوە هەرچی بکرێ سەیرانی پێ ئەڵێن. ئێمەیش هەموو ساڵێك وامان تەرتیب داوە لە پێشدا ئاگری نەورۆزمان کردوەتەوە و دوای ئەوە سەیرانێکی عموومیمان خستووەتە فەصلێك کە سارد و سەرما نەمابێ و ڕۆژی جومعەیش بێ، بۆ ئەوەی مەئموورەکانمان بتوانن سەربەست و سەرلەبەیانی بێن و پێیان نەڵێن تەرکی وەظیفەیان کردووە. ئەمڕۆ کە پێنجشەمموە، ئەبیەین حەفلەی نەورۆز هەیە. باشە هەموو ڕۆژی خوا بیدا لە سەیرانا بین، بەڵام نابێ ناوی بنێن نەورۆز، چونکوو ناوەکەی ناڕەوایە، نەورۆز هەر ڕۆژێکە.

---

[٤٠] ژین، ژ٩١١، ٢٥ی مارتی ١٩٤٨، ل١.

www.zheen.org

(٣٨)
## نەورۆز بوو بە ئاگر لێمان[٤١]

نەورۆز، کە بە مەعنای ڕۆژی تازەیە، خوا ئەم جیهانە کۆنەی بە تازەیی تیا دروست کردووە، بە ڕۆژێکی پیرۆزمان زانیوە. لە ئەستەموولیش کە پایتەختی سەلاطینی عوثمانی بوو، جەژنی نەورۆز هەبوو. لەبەر ئەوە من کە هاتمەوە، ئەم جەژنە کە لەناو ئێمەدا کۆن بووبوو، تازەم کردەوە. هەر لە ئەووەڵ ساڵیەوە دەردیسەری و ئەذیەتێکی زۆرم لەگەڵ کێشا و چەند جار ئاگریان کوژاندمەوە و بە ئاتەشپەرستی ئیتتیهامیان کردم، نەبەزیم و هەموو ساڵێك هەرچیم دەست ئەکەوت، ئەمکرد بە سەیرانی نەورۆز، کە تا ئێستا کەس ئەوەی نەکردووە.

www.zheen.org

هەزار و پێنجصەد نان و هەر نانێك پێنج یاپراخ و دوازدە بریانی و دوازدە سەماوەر بۆ چای هەموو شارەکە و دەهۆڵ و زوڕنا و خەیمە و بارەگا. ئەمە بۆ ناو و شورەتێکی کوردەواری بوو، بە هیچ وازم نەهێنا، تا پار هەندێ بێنامووس و زۆڵی بەروو، هەڵسان وتیان حاجی تۆفیق نەورۆز بۆ ئینگلیز ئەکا، ئێمە نایێڵین ئەو بیکا، خۆمان ئەیکەین، پارەیێکی زۆریان کۆ کردەوە، نیوەیان خوارد و

---

[٤١] ژین، ژ٩٥٨، ١٧ی مارتی ١٩٤٩، ل٣.

پەکی سەیرانی منیشیان خست، کەسیش نەیپرسییەوە ئەو پارەیەیان بە چ ڕوخصەتێکی حکوومەت کۆ کردەوە و چییان لێ کرد. جگە لەوە، نەورۆزیان کرد بە ئاگرێکی سیاسی و بەریان دایە گیانی پاکی میللییەت کە ئیتر کەس ڕووی نییە بیکا، کردیان بە پروپاغەندەی حیزبی حیزباب! لەبەر ئەوە من کە بە هەموو ئارەزووی ڕۆحمەوە ئەم نەورۆزەم لێرە زیندوو کردبوەوە، ناچار وازم لێ هێنا و ئەم داخە و ئەم گڕی ئاگرە لەگەڵ خۆم ئەبەمە گۆڕەوە. خوا ڕووی ئەوانە ڕەش کا کە وایان کرد، باوجوود بە ڕووی ڕەش و بە ناوی ڕەشیش باکیان نییە.

بنکەی ژین
www.zheen.org

## (٣٩)
## نەورۆز[٤٢]

مژدە بێ ساڵ گەڕایەوە
ئاگری نەورۆز کرایەوە
بەفری زستان توایەوە
سەرچاوەی ئاو ژیایەوە
نوخشەیش بێ لە کوردی هەژار

وا فەرشی چیمەن ڕاخرا
گولاڵە بوو بە شەوچرا
لاولاو تێك ئاڵان وەك برا
بەفر و هەڵەکۆك پێك بڕا
کەوتنە لەنجە سەرو و چنار

بولبول شەو بە ئاواتەوە
بادەی شەونم ئەخواتەوە

---

[٤٢] ژین، ژ٩٥٩، ٢٤ی مارتی ١٩٤٩، ل٢٠٣.

دەگری بە موناجاتەوە
بەڵکوو گوڵ دەم بکاتەوە
ئەو پێ بکەنێ و ئەم بگرێ زار

وەنەوشە وەك من شینپۆشە
گەردنی کەچ کردوە و خامۆشە
بەهاری لەلا ناخۆشە
بەداخەوە بەپەرۆشە
بۆ ئێمەی بێکەسی هەژار

خوا زەویی زیندوو کردەوە
تەمی لەسەر لابردەوە
ئێمەیش بە درشت و وردەوە
دەستمان لای خوا بەرز کردەوە
دوعامان بۆ بکەوێتە کار

ئاگرێ لەسەر گردی یارە
لەم دیارەوە وا دیارە
ئاگری نەورۆز و بەهارە
ڕووناکیی ڕێی کردگارە
لەگەڵ نووری طوور بۆ بەیار

ئاوی ئەو کارێزە جوانە
چەند خۆش و ڕوون و ڕەوانە
ئەوە نموونەی دڵمانە
با بزانن کورد موسڵمانە
لێڵ نابێ بە لێزمەی بەهار

بنکەی ژین
www.zheen.org

(٤٠)

## سالّی تازە[43]

ڕۆژی ئەم سێشەمووی ڕابوردووە، ڕۆژی سەری سالّی تازە بوو، کە باووباپیرمان نەورۆزیان پیّ وتووە، بە جەژنیان زانیوە. یەکیّ لە کۆنە پیاوەکانی ئێمەیش وتوویە:

ئەم ڕۆژی سالّی تازەیە نەورۆزە، هاتەوە
جەژنێکی کۆنی کوردە بە خۆشی و بەهاتەوە

ئەم جەژنە کە هەموو سالیّ بۆ ئەمەی بە نووری ڕۆشنی لیقای خوایی‌یەوە ڕێمان ڕووناك بێتەوە، لەپێشەوە پیشەمانە شەو ئاگری بۆ ئەکەینەوە و دوای ئەوە سەیران و هەلّپەرکێی بۆ ئەکەین. وا ئاگری موبارەکبادییەکەمان بۆ کردەوە، خوداوەندی گەورە لە هەموو قەومی کوردی موبارەك کا و ئاگری فەسادی ناخەلّەفە شیوعیەکان بکوژێنێتەوە کە پار نەیانهێشت وەك سالاّن سەیرانی بۆ بکەین.

ئاخ، هەر ئەوەندەم بزانیایە ئەم دەستەیەی کەوا ئاشووب ئەخەنە ناومانەوە و لە هەموو کار و کاسبی و دەرامەتێکیان کردووین، غایەکەیان چییە و ئێمە ئەبین بە چی؟ خوا پێی ڕەوا

---

[43] ژین، ژ١٠٠٣، ٢٣ی ئاذاری ١٩٥٠، ل١.

دیبووین، نانێکی ڕەحەتی و پێشەواییێکی نەوەی هاشمی و سایەو پەناییێکی ئەسوودە و دیانەتێکی ئیسلامی. بۆچ بە خۆڕایی لە خۆمان تێك دا و ئێمە کە لەناو خۆماندا برا لەگەڵ برا یەك ناکەوین، چۆن لە حەوضـێکی بچکۆلەدا واپۆڕ ئەگێڕین؟ خوا بمانهێنێتەوە سەر ڕێی ڕاست. بۆ مەسئەلەی نەورۆز، ئەمین زەکی بەگی ڕەحمەتی لە "گەلاوێژ"دا مەقالەییێکی تەئریخیی هەیە، لە لاپەڕەی یەکدا ئەینووسین، بۆ ئەمەی هەرچی ئەیخوێنێتەوە، ڕەحمەتی بۆ بنێرێ.

بنکەی ژین
www.zheen.org

(٤١)

## گۆرانیی نەورۆزەکەمان[٤٤]

ئەم ڕۆژی ساڵی تازەیە نەورۆزە هاتەوە
جەژنێکی کۆنی کوردە بە خۆشی و بەهاتەوە
چەند ساڵ گوڵی هیوای ئێمە پێ‌پەست بوو تاکوو پار
هەر خوێنی لاوەکان بوو گوڵی ئاڵی نەوبەهار
ئەو ڕەنگە سوورە بوو کە لە ئاسۆی بڵندی کورد
موژدەی بەیانی بۆ گەلی دوور و نزیک ئەبرد
نەورۆز بوو ئاگرێکی وەهای خستە جەرگەوە
لاوان بە عەشق ئەچوون بە بەرەوپیری مەرگەوە
وا ڕۆژ هەلات لە بەندەنی بەرزی وڵاتەوە
خوێنی شەهیدە ڕەنگی شەفەق شەوق ئەداتەوە
تا ئێستە ڕووی نەداوە لە تاریخی میللەتا
قەڵغانی گوللە سنگی کچان بێ لە هەڵمەتا
پێی ناوێ بۆ شەهیدی وەطەن، شیوەن و گرین
نامرن ئەوانە، وا لە دڵی میللەتا ئەژین

---

[٤٤] گەلاوێژ، ژ٤، ساڵی٩، نیسانی ١٩٤٨، ل٣٣-٣٤.